# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (168) بەرواری 1–6–2024 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت





**بۆئەوەی ئازادیخوازی هەر کەس، چ تاك، چ حیزب وە چ دەوڵەت، باشتر بناسین ئەبێت بەر لەهەر شتێك سەیری ڕەفتاریان بکەین لەگەڵ منداڵاندا...**


مەنسور حیکمەت

## وتەی ژمارە

# بەردەوامی هێرشەکان و دۆڕانی ئیسرائیل!!

عەبدولا مەحمود

جەنگ و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل لەم خولەییدا، کە بەدوای کردەوەی حەماسی ئیسلامی لە دژی ئیسرائیل دەستی پێکرد، حەوت مانگی تێپەڕاند.. لەماوەی ئەو حەوت مانگەدا دەوڵەتی ئیسرائیل لە ژێر ناوی لە بەینبردنی حەماسی ئیسلامیدا، بەکردەوە کۆمەڵکوژییەکی بێ وێنەی لە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا تۆمار کرد. کۆمەڵکوژییەک کە لە بنەڕەتدا بە ڕەچەتەو پسولەی ڕێپێدان و پشتیوانی ئەمریکا و غەرب، دەستی بۆ برا. ئەو پسولەی ڕێپێدانە بە دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ هێرش و کۆمەڵکوژی، مۆری دیموکراسی ڕۆژئاوا بوو بۆ



دەستئاوەڵاکردنی حکومەتی ڕاسڕەوی نەتانیاهۆ تا دەست پارێزی نەکات و تەڕو وشک بەیەکەوە ئاگر بدات. لەو چوارچێوە مۆڵەتپێدراوەدا، سوپای ئیسرائیل تا ئێستا نزیکەی ٤٠ هەزار هاوڵاتی کوشتووەو بە دەیان هەزاریشی بریندار و کەم ئەندام و شوێنەواری شارو شارنشینیشی لە غەززەدا، سڕیوەتەوە. نیوەی ئەو کوژراو بریندار و کەم ئەندامانە، ژن و منالن. لەناو ئەو کۆمەلکوژییەدا بەدەیان کارمەندی یوئێن، ڕۆژنامەنووس... هەن. خەستەخانەو قوتابخانە، کەمپی ئاوارەیی، ڕیزی برسییەکان لەسەرەی خۆراکدا، کاروانی هاوکاری ئینسانی... کراونەتە نیشانە و بەوپەڕی دڵرەقییەوە لە خوێن هەڵکێشراون.

دوای حەوت مانگ لەم بەربەرێتەی دیموکراسی و دەوڵەتی ئیسرائیل... ئیسرائیل نەک هیچ دەستکەوتێکی وەدی نەهێناوە و لە پێشیانەوە حەماس ماوەوە بەرگری دەکات، بەڵکو نەک تەنها دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵکو ئەمریکاو غەرب و دیموکراسی!! وەکو دزێوترین دیمەنی بەربەریەت، لەچاوی ڕای گشتی دنیاوە، دەخوێنرێنەوە. دنیای ئازادیخواز و دژە جەنگ، نەک فریوی درۆو فریوکارییەکانی میدیای هەزار سەری بۆرژوازی و سەرانی ورد و درشتی بۆرژوازی نەخوارد، بەڵکو بووە هۆکاری ڕاسانی ملیۆنی لە ئاستی دنیادا، بەدژی داگیرکاری و هاوکارانی ئەو داگیرکاری و کۆمەڵکوژییە.

بۆ لاپەڕە 2

## بەشێك لە تۆمەتبارانی جەنگ لە دادگای لاهای و هەموو تۆمەتبارانی جەنگ لەبەردەم بزوتنەوەی ئینساندۆستی جیهانیدا!



سەرئەنجام داواکاری گشتی لەدادگای نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای سکالای ئەفریقای باشور بریاری دەستگیرکردنی بۆ بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و یۆواف گالانت، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل و چەند سەرکردەی حەماس لەوانە؛ یەحیا سینوار سەرۆکی حەماس لەغەززە، ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حەماس و محەممەد مەسری

بۆ لاپەڕە 3

## نابێ ڕێگە بە سەربڕینی چیای گۆیژە بدرێت!!




لە هەڵمەتێکی چاوەڕوانکراو و لە درێژەی تەخشان پەخشانکردنی زەوی و زارو دەست بەسەراگرتنی هەموو ئەو گرد و تەپۆلکەو جێگایانەی ماون، ئەمجارە چاوچنۆکانی سەرمایە و کۆمپانیاکان، بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی هاوبەش و پشتیوانی لە کۆمپانیاکان، خەریکن چیای گۆژە، وەکو یەکێک لە ڕەمزە جوان و سروشتیەکانی شاری سلێمانی دەکەنە سەرچاوەی قازانج پەرستی، بۆ ئەم مەبەستەش خەریکن بەشێکی ئەو چیایە بکەنە جێگای تەلارسازی و شوێنی نیشتەجێ بوون...

بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* ئامارەکانی سەرمایەداری و قوڵبوونەوەی قڵشتی چینایەتی..............................ل4
* سەرەخۆشی وەکو ئاکتێکی دیپلۆماتیکی.................................................ل4
* هاوڕێ ئیدریس مستەفا وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە....................................ل5
* نامەی مافیایی 12سەناتۆری ئەمریکا بۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوان.........................ل6
* منالان و حزب و لایەنە سیاسیەکان.............................................................ل7
* دیدگایەکی ڕەخنەگرانە لە بزوتنەوەی فیمینیزم...............................................ل10
* مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە.....دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لینین........................ل12


دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی"



**هاوڕێ سەلام عەبدولا وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە... ل13**


بۆ لاپەڕە 2

پرسی ڕۆژ ل5

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

## درێژەی وتەی ژمارە

لەوەش زیاتر پرسی سیاسی کەنارکەوتووی فەلەستین، پرسی سەدان بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، فەرامۆشکراو... جارێکی تر هاتنەوە سەر میزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئینسانیەتی ئەم سەردەمە. هاوکات جارێکی تر گاڵتەجاری دیموکراسی بۆرژوازی لە پەیوەند بە مافی مرۆڤەوە لە هەموو ئاستێکدا خۆی نیشاندا. هەیبەتی!! فوتێکراوی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا شکا. نەتانیاهۆی سەرۆکی پارتی لیکۆد کە دەیویست لە رێگای ئەم جەنگەوە پێگەی بەر نەفرەتگرتووی لە ئیسرائیلدا، بەهێز بکاتەوە، بەتەواوەتی شکستی خوارد و وەکو تاوانباری جەنگ خرایە لیستی تۆمەتبارانی تاوانی جەنگ ئەنجامدەرەوە، چەندین وڵاتی تر دانییان نا بە دەوڵەتی فەلەستینیدا. حەماسی کۆنەپەرستی ئیسلامی و مۆتەکەی سەر دڵی خەڵکی غەززە و بازرگانی کار بە کێشەی سیاسی فەلەستینەوە، بووە قارەمانی!! رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و بەرگریکار لە کێشەی فەلەستین!!.

بزوتنەوەی دژە شەر لەئاستی دنیادا، رۆژ بەرۆژ پەرە دەسەنێت. دەیان و سەدان رێکخراوە و سەندیکاو یەکێتی کرێکاریی خاوەن سەدان هەزار ئەندامی، بەرێگای جۆراوجۆر هاتنە مەیدان و مانگرتنیان راگەیاند، رێگای بارکردنی چەکیان گرت... هاواری راگرتنی جەنگیان بەرزکردەوە... لە ئاستی شەقامدا بە ملیۆنەها ئینسان دەنگی نارەزایەتی بەدژی جەنگ و هاوکاری ئەمریکاو غەربدا دەردەبڕن... سەدان زانکۆ لە ئەمریکاو ئەوروپادا لەلایەن خوێندکارانەوە دەستیان بەسەردا گیرا و چادریان لەمەیدان زانکۆکاندا هەڵدا و بوونە شوێنی کۆبونەوەی نارەزایەتی. نەک تەنها خەلکی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و دنیای عەرەب، بەلکو هاولاتیانی ئیسرائیلی لە ناو ئەمریکاو ئیسرائیلدا، لە دژی ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانی ئەمریکا و غەرب، بە دروشمی "ژیان پیرۆزە، ئاشتی پیرۆزە، جەنگ راگرن"... لە مەیداندان.

ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە جیهانییە، هاوکیشەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە. بەشێکی زۆر لەو دەوڵەت و وڵاتانەی لە ژێر ناوی لەبەین بردنی تیرۆریزم و وەستانەوە بەرووی حەماسدا، کەوتنە پشتیوانی داگیرکاری ئیسرائیل، ئێستا کە دەبینن تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل، سنور نەناس و بێ ئەوپەڕە و جینۆسایدیکی ئاشکرا ئەنجام دەدات، راستەخۆ و یان شەرمنۆکانە، دوا لە ئیسرائیلی هاوپەیمانیان!! دەکەن، دەست پارێزی بکات.. هەندێکیان هەرەشە و ئیدانەی دەکەن. ئەمە شکستێکی ئاشکرایە، لە بەرامبەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی ملیۆنی جەماوەری لە ئاستی دنیادا.

شکستی دەوڵەتی ئیسرائیل دوای حەوت مانگ لە جەنگ و جینۆساید و شکستی ئابڕووبەرانەی ئەمریکاو غەرب لە پشتیوانی ئەم کۆمەڵکۆژییە لەلایەن بەرەی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی جیهانییەوە، سەرەتایەکی ئومید بەخش و نیشانەیەک لە بێداربوونەوەی ئینسانی ئەم سەردەمەیە، لە بەرامبەر بە نیزامی سەرمایەداری و دیموکراسییە، ئابڕووبەرەکەیان.

سوربوونی ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر درێژە کیشانی جەنگ و هیرشی درندانەی بۆسەر رەفەح و ئۆردوگای ئاوارەکان و لەخوێن هەڵکێشانیان، ئەگەر لەدرێژەی جەنگی راگەیەندراوی پێشووشدا بێت، بەڵام ئامانجەکی جیاوازە. ئەگەر پێشووتر جەنگ بۆ سەرکەوتن و لەبەین بردنی حەماس بوو، لە ئێستادا، جەنگ لەدرێژەی ناکامی و شکستدا دەچیتە پێشەوە.

ئیسرائیل شکستی خوارد لەوەی جەنگ لە ئاستی ناوچەکەدا فراوان بکاتەوە لایەنی تر ناچار بکات، پەلکێشی ناو جەنگەکە ببن، ئەوە یەکێکی تر لە شکستەکانی بوو... ئەوە بەجیا لەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئێستادا ئەو توانایەشی لەدەستداوە بتوانێت، بە بەرینکردنەوەی بەرەکانی جەنگ، شانسێک بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی بەدەست بهێنێت.

بەهەموو مانایەک دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتی راسترەوی نەتانیاهۆ، رووبەرووی شکستێکی زۆر گەورەیە، شکستێک بەجیا لەوەی لە مەیدانی سەربازییدا بەجێگایەک نەگەیشتووەو ناچارە لەجیگایدا تۆڵە لە خەڵکی بێ چەک و مەدەنی بکاتەوە و شایی لەسەر لاشەی ژن و منالّ بگێرێت، هاوکات لە مەیدانی سیاسی و نیودەوڵەتیدا شکستەکەی گەورەترە. پرسی فەلەستین هێندە بۆتەوە پرسی رۆژ، کە نەک ئینکارکردن، بەڵکو دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ فەلەستینیەکان و بۆتە مەسەلەی رۆژ. ئیسرائیل لە ئاستی دنیادا بەرەو تەریک کەوتنەوە دەچێت. سەرانی لەبەردەم داواکاری دادگادان. دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئاستی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، پێگەی جارانی نییە و بۆتە مایەی پاشەکشەو جیگاو رێگای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر بزوتنەوەی دژە جەنگ و دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانانی... بەجیگایەک گەیشتتووە، کە بەکردەوە بۆتە بەرەیەک و هیزێکی کاریگەری وەها، کە ئینکارکردنی جگە لە شکست هیچی تری بەدوادا نایەت.

وە هێشتا ئەوەی مایەی تروسکایی و جێگای ئومێدێکی زۆرە تەنها بزوتنەوەی ئینساندۆستی و ئازادیخوازی دژە جەنگ و داگیرکارییە، ئەم بزوتنەوەیە تادێت خاراوتر دەبێت، ئەزموونی زیاتر دەبێت، داهێنانی زۆرتر دەکات، لە ئاستی فراوانی کۆمەڵایەتیدا، پشتیوانی بەدەست دەهێنێت... ئەمانە نەک بۆ رووبەرووبوونەوەی جەنگی ئێستا و داگیرکاری ئیسرائیل، بەڵکو مایەی مایە لەسەر دانانە بۆ نەبەرەکانی داهاتوو لەدژی نیزامی هاری سەرمایەداری و ئومێد گیرانەوە بۆ ئینسانی ئەم سەردەمە و بڕوا بە توانایەکانی خۆی.

**کۆتایی ئایاری ٢٠٢٤**

**بەهەموو مانایەک دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتی راسترەوی نەتانیاهۆ، رووبەرووی شکستێکی زۆر گەورەیە، شکستێک بەجیا لەوەی لە مەیدانی سەربازییدا بەجێگایەک نەگەیشتووەو ناچارە لەجیگایدا تۆڵە لە خەڵکی بێ چەک و مەدەنی بکاتەوە و شایی لەسەر لاشەی ژن و منالّ بگێرێت، هاوکات لە مەیدانی سیاسی و نیودەوڵەتیدا شکستەکەی گەورەترە. پرسی فەلەستین هێندە بۆتەوە پرسی رۆژ، کە نەک ئینکارکردن، بەڵکو دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ فەلەستینیەکان و بۆتە مەسەلەی رۆژ...**

**سوربوونی ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر درێژە کیشانی جەنگ و هیرشی درندانەی بۆسەر رەفەح و ئۆردوگای ئاوارەکان و لەخوێن هەڵکێشانیان، ئەگەر لەدرێژەی جەنگی راگەیەندراوی پێشووشدا بێت، بەڵام ئامانجەکی جیاوازە. ئەگەر پێشووتر جەنگ بۆ سەرکەوتن و لەبەین بردنی حەماس بوو، لە ئێستادا، جەنگ لەدرێژەی ناکامی و شکستدا دەچیتە پێشەوە...**

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..

# دریژەی: بەشێك لە تۆمەتبارانی جەنگ لە دادگای لاهای و هەموو تۆمەتبارانی جەنگ لەبەرەدم بزوتنەوەی ئینساندۆستی جیهانیدا!

سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی حەماس بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ، دەرکرد. وە هاوکات داوای کرد دەستبەجی شەڕ بوەستێت و هەرچی زووە دەوڵەتی ئیسرائیل دەست لە کۆمەڵکوژی هەڵبگرێت و دەرگا بکاتەوە بەرووی هاوکارییە ئینسانییەکاندا، وەکو خۆراک و دەرمان و پێداویستی تر... کە خەڵکی غەززە بەهۆی نەبوونیانەوە، لەیەک کاتتدا کە رووبەروون لەگەڵ کۆمەڵکوژییەکی بێوێنە هاوکات رووبەرووشن لەگەڵ جەنگی بە برسی کردن و نەبوونی دەرمان و سوتەمەنی و بەستنی رێگاکانی هاوکاری و تەنانەت بۆردومان کردنی ئەو کۆمەکە ئینسانیانەی!! بۆیان دەنێردرێت.

دادگای لاهای بەوپەرێ خوێن ساردییەوە و دوای ئەوەی بە دەیان هەزار ئینسان قەتل و عام کران، لەلایەن دەوڵەتی ئیسرایل و بەتایبەتیش کە پەنجا لەسەدی ئەو کوژراوانە ژن و منالن و دوای ئەوەی حەماسی ئیسلامی چەندین دەهەیەخەڵکی غەززەی لەژێر سایەی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەیدا قانگ داوەو دەیان کردەوەی ئینسانکوژی لەدژی خەڵکی بێتاوانی ئیسرائیل ئەنجامداوە، لە خەوێکی قوڵدا بە ئاگاهاتەوە بریاریدا چەند کەس وەکو تۆمەتبارانی جەنگ بناسینیت. چ دادگاییەکی خاڵی لەویژدان و کوێر لە بینین و کەڕ لە بیستنە!! بەدەیان هەزار ئینسان بەشیوەی وەحشیانەو کوێرانە قەسابی بکرێن و باڵەخانەو خانوو بە سەر دانیشتوانەکەیدا خاپور بکرێت. ڕیگە لە دەرچوونی خەڵک و هاوڵاتیان بگیرێت و خۆراک و دەمان و سوتەمەنیان لێ زەوت بکرێت. رێگا لەو کۆمەکە سواڵکەرانەیە بگریت کە بۆ هاوڵاتیان دەچێت و تەنانەت ئەو کۆمەکانە تیکەڵی خوێن و جەستەی پارچە پارچە بووی ئینسان بکرێن. سەرانی بڕیار بەدەستی هێشتا بەڵێنی کوشتار و وێرانکاریی تر بدەن، جا رێکخراوەی لاهای بە دەنگێکی نوساوەوە، هاواری دەست راگرتن بدات و تەنها چەند کەس بخاتە لیستی تۆمەتبارانی جەنگەوە، ئەمە نەک نیشانەیەک لە دادگایەکی بەنیوە ئینساف ناخاتە روو، بەلکو ماهیەتی سیاسی بوون و لایەنگری ئەو دادگایەو لە گیانەلا بوونی دەردەخات!!.

لەوەش زیاتر دوای هاتنەمەیدانی ملیۆنەها ئینسان لەسەراسەری دنیادا، بەدژی داگیرکاری و کۆمەڵکوژی و خەلکی فەلەستیندا، دوای ئەوەی دەیان و سەدان کارگە لەلایەن کریکارانەوە کاریان راگرت و ئامادەی بارکردنی چەک و تەقەمەنی و گواستنەوەی نەبوون، دوای ئەوەی خەلکی ئیسرائیل، لەناوخۆی ئیسرائیل و دەرەوەدا، بەدژی کۆمەلکوژی خەڵکی غەززە و بۆ راگرتنی جەنگ هاتنە مەیدان، دوای ئەوەی تەنانەت ولاتانی پشتیوانی بێدرێغی ئیسرائیل، پەتی سەبریان لەبەرامبەر بە کوشتار و وێرانکاری و هەوسار پچڕاوی دەوڵەتی ئیسرائیلیدا، پچڕا، جا دادگای لاهای لەناو لیستیکی دورودرێژی تاوانکاراندا چەند کەسێکی وەکو تۆمەتبار بریار لێدا.

دیارە هیچ شتێک لەوە رۆشنتر نییە، کە دادگای لاهای وەکو زۆرێک لە ناوەند و رێکخراوە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان لە ئاستی دنیادا، ناوەند و رێکخراوەی سەر بە جەمسەرە بەهێزەکانی دنیان و زوربەی هەرەزۆریشیان دەمیکە پابەند بەهیچ کام لە بەڵێنەکانی خۆیان نین. دادگای لاهای و رێکخراوەکانی تر سەر بە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بریار و هەڵوێستەکانیان، لەلایەکەوە لایەندار و لەلایەکی تریشەوە لە ژێر گوشاری جەماوەریدا دێنە دەنگ و بریار دەدەن... بریاری دادگای لای بۆ ناساندنی چەند کەسی ئیسرائیلی و رێکخراوی حەماس وەکو تۆمەتبارانی جەنگ، بەر لەهەموو شت لەژێر گوشاری بزوتنەوەی جیهانی ئینساندۆستی دژە شەڕدا، دراوە، نەک رۆڵ بینینی ئەو رێکخراوە وەکو ناوەندێکی یاسایی و بێلایەن و خاوەن بریاری سەربەخۆی بە ئینساف!!.

هێشتا دەوڵەتی ئیسرائیل بی گوێدانە بریاری دادگای لاهای، بەبەرچاوی دنیاوە، خەریکی کۆمەلکوژییە، خەریکی داهینانە لە کوشتنی ئینسان و ژێر پێنانی بنەماکانی "جەنگ" و رێگەگرتن لە گەیشتنی کۆمەکی خۆراکی و دەرمانی و سوتەمەنی بۆ هاولاتیان و ریگەگرتن لە دەروازەکانی دەربازبوونیان...

دوبارە ئەوەی دەتوانیت دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانەکانیان لە دنیای دیموکراسیدا، ناچار بکات بەوەی دەست لە کوشتار و ویرانکاری هەلبگرن و دادگای لاهای و ریکخراوە نیونەوەیەکان بێنێتە دەنگ، تەنها بزوتنەوەی جیهانی دژە شەر و ئینسان دۆست و ئازادیخوازە، کە بەئەندازەی رێکخراوبوون و فراوان بوونەوەی دەتوانیت، کاریگەری لەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانەکانیان دابنێت. دادگای لاهای لە ژێر گوشاری جەماوەرییدا چەند تاوانبارێکی وەکو تۆمەتبار ناساند، بەڵام بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری دژە جەنگ لە ئاستی دنیادا ناوی سەرجەم سەرانی بەشدار لەم کۆمەڵکوژییەدا، وەکو تۆمەتباری جەنگ، تۆمار کردووە.

# دریژەی: نابێ رێگە بە سەربرێنی چیای گۆیژە بدرێت!!

دەسەڵاتی سیاسی حزبۆکراتی بۆرژوازی کورد کە هەموو بەرهەم و سامانی ژێر زەویان دەست بەسەردا گرتووە، کە گرد و تەپۆلکەو بەرزایی و جیگا جوان و دڵرفێنەکانیان بۆ بارەگاکان و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان و بۆ گڵکۆی مردوانیان، لەسەر خۆیان و نەوەکانیان و حزبەکانیان تاپۆ کردووە، هێشتا چاویان لەوەیە ئەوەی کە ئەو جیگایانەی ماوەنەتەوە بەو جێگایانەشەوە کە بەهای رەمزی و مەعنەوی و سمبولیان بە پارە ناپێورێت، خەریکن لەسات و سەودایەکی ئاشکرادا، لە شارەکان و لە سروشت و لە بیرەوەری هاوڵاتیان، دەفرێنن.

دەستبردن بۆ شێواندنی چیای گۆیژە، بەمەبەستی کردنی بە جێگای نیشتەجێ بوون و قوتکردنەوەی تەلار و باڵەخانە، لە بنەرەتدا دارماندنی تەلاری شانازییەکانی هاوڵاتیان و رەمزی جوانی شار و سەربرینی سروشت و سەندنەوەی سیمای جوانییە لە شاری سلێمانی.

ئەم هەوڵەی کۆمپانیاکان و ئەو سەغی تەبیعەتییەی دەسەڵاتداران... نیشانەیەکی ئاشکرای دژایەتی کۆمپانیاکان و دەسەڵاتی ئامیزگەرمی چاوچنۆکەکانی سەرمایەیە، بەدژی خەڵکی کوردستان و هاوڵاتیان و سروشت و ژینگەدا.

سەری رەش و دەباشان و گردی زەرگەتە و بەرزایەکانی دوکان و دەیان جێگای تر... کەلەلایەن چەند حزبی بنەماڵەیی و دەستڕۆشتوەوە، دەستیان بەسەردا گیراوە، لەگەڵ ئەو تەخشان و پەخشانکردنی زەویەی لە سەراسەری کوردستان ئەنجام دەدرێت و تا دەگات بەو فرۆشتن و مامەڵەکردن بە ناوچە گەشتیارییەکان و دەستبردن بۆ گۆیژە و ئەزمەرەکانی شارەکان... هیچ پاساوێکی نییە، جگە لەوەی نامۆیی ئەم دەسەڵاتە بەهەموو پیرۆزییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەخاتە ڕوو.



لەهەموو جێگایەکی ئەم دنیایەدا کە رۆژ بەرۆژ پرسی ژینگە پانتایەکی گەورەتر پەیدا دەکات، گرنگی دان بە ژینگە بەشێکی زۆری بەواتای گرنگیدان و پاراستنی سیماو رەمزە سروشتیەکان و تەنانەت دروستکردنیان دێت... کەچی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد هیشتا لەزۆنی دژە ژینگەییدا دەژین و بەهای سیما سروشتیەکان و جوانیەکانی بە قازانج و پارە دەگۆڕنەوە و هیچ رێزیکیش بۆ هەست و سۆزو بریاری هاوڵاتیان ناهێڵنەوە. لە زۆر جێگای دنیا دروستکردنی پارکێک، بڕینەوەی چەند دارێک... بەبێ راپرسی ئەو جێگایە و هاوڵاتیان ئەنجام نادرێت، کەچی دەسەڵاتە سوشیال دیموکراسییە عەجابیاتەی کوردایەتی، لە خەوی قوڵی شێواندنی هەموو دیمەن و بیرەوەرییەکی هاوڵاتیاندان لە پێناو قازانجدا.

ئەگەر سنورێک بۆئەم دەستریژییە دانەنریت، ئاسەوارێک بۆ ئاسایشی هیچ جێگاو ناوچەیەکی سروشتی و جوان نامێنێتەوە... بۆیە پێویستە ئەو کاردانەوە بەجییە لە نارەزایەتی خەڵکی سلێمانی و ژینگەدۆستانی بە ئاراستەیەکی فراوان بوون و رێکخراو بوون و هەنگاو بنیت و ریگە بگرن لەوەی ئەم هەوڵەیان بۆ بچیتە سەر... بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ شەقام ببێتە مەیدانی رووبەرووبوونەوەیەکی جەماوەری دژی دەسەڵات و کۆمپانیاکان، بۆ دەست کۆتاکردنیان، لەم هەنگاوە شەرماوەرە دژی ژینگەیی و ئینسانییە.



# ئامارەکانی سەرمایەداری و قوڵبوونەوەی قڵشتی چینایەتی

## نووسینی: عامر سابیر

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە 3ی مەی 2024دا لە گۆشەی (بۆچوون)-(ئۆپینیان)دا وتارێکی ئیکۆنۆمیست (گەبرایڵ زوکمان) ی بڵاوکردۆتەوە لەسەر نایەکسانی لە ئەمریکادا. وتارەکە لەژێر ناونیشانی "کاتی ئەوە هاتووە بلوێنێرەکان باج بدەن" زوکمان یەکێکە لەو ئیکۆنۆمیستانەی کە لەگەڵ (تۆماس پکیتی)دا ئامارەکان لەسەر نایەکسانی لە وڵاتانی دنیادا بڵاوئەکەنەوە.

وتارەکەی زوکمان بەراوری باجی سەر چوارسەد کەس لە دەوڵەمەندترینی سەرمایەدارەکانی ئەمریکا ئەکات لە ساڵی 1960 و 2018 دا. وە ئەمە بەراورد ئەکات بە باجی سەر نیوەی خوارەوەی دانیشتوانی ئەمریکا لەو دوو ساڵەدا.

لە ساڵی 1960 دا ڕێژەی باج (تاکس) لەسەر بلوێنەرەکان (ملیاردێرەکان) 56٪ بووە، لە 2018 دا کەمبۆتەوە بۆ تەنها 23٪. وە ئەمە بەراورد ئەکات بە باجی سەر نیوەی دانیشتوانی ئەمریکا کە لە هەژارانن. لە ساڵی 1960 دا نیوەی دانیشتوانی ئەمریکا لە هەژاران و کەمدەرامەتەکان 22٪ باجیان داوە، بەڵام لە 2018 دا باجی سەر ئەمانە زیادکراوە بۆ 24٪.

زوکمان ئەڵی بۆیەکەم جارە لە مێژووی ئەمریکادا کە بلوێنێرەکان باج کەمتر ئەدەن ( 23٪) بە بەراورد بە کرێکارانی ئەمریکا (24٪). وە ئەڵێ ئەمەی کە لە ئەمریکادا ئەیبینین، لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداریدا هەر بەوجۆرەیە و بلوێنێرەکان کەمترین باج ئەدەن و کرێکاران زۆرترین.

لە کاتێکدا بلوێنێرەکان باجێکی زۆر کەم ئەدەن و سیستەمەکە بە شێوەک دیزاین کراوە کە خۆیان لە دانی باج بپارێزن و ئەوە بلوێنێرەکانن کە بڕیار ئەدەن یارمەتی کام ئەندام پەرلەمان و کام حیزب بدەن تا بچێتە پەرلەمان و دەسەڵاتەوە و یاساکان لە بەرژەوەندی و قازانجی ئەواندا بگۆڕێ. لە ئێستادا حکومەتی ئەمریکا و هەموو وڵاتانی دنیاش، لە جیاتی ئەوەی باجی سەر دەوڵەمەندەکان زیاد بکەن تا خزمەتگوزارییەکانی پێ فەراهەم بکەن، لە جیاتی ئەمە حکومەت داوا لە دەوڵەمەندەکان ئەکات کە پارەکانیان بە قەرز بدەن بە حکومەت و حکومەتیش ساڵانە قازانجی ئەو قەرزانەیان ئەداتەوە کە بە بلیۆنان دۆلارە ساڵانە، وە سەرمایەکەشیان وەک خۆی باقییە و هەرکات ویستیان دەوڵەت ئەبێت بیانداتەوە و پارەکەی ئەوان قەرزە بەسەر دانیشتوانەوە.

ئامارەکانی زوکمان تا ساڵی 2018 ی تیادایە، بەڵام وەک بە ئاشکرا ئەبیندرێ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڤایرۆسی کۆرۆنا (کە لە دیسەمبەری 2019 دا پەیدابوو) بوو بە خێروبەرەکەت و ڕژا بەسەر بلوێنێرەکاندا و زۆربەیان سەرمایەکانیان دووقات و چوارقات زیادی کردووە لەوکاتەوە. واتە لە ساڵی 2018ەوە. بۆ نموونە با سەیری قازانجی کۆمپانیای ئەمازۆن و (جێف بەیزۆز)ی خاوەنی بکەین کە دەوڵەمەنترین کەسی دنیایە. لە ساڵی 2018دا قازانجەکەی 232 بلوێن بووە، لە ساڵی 2019دا قازانجەکەی 280 بلوێن بووە، لە ساڵی 2020 دا قازانجەکەی 386 بلوێن بووە، وە لە ساڵی 2021 دا قازانجەکەی بەرزبۆتەوە بۆ 469 بلوێن، وە لە ساڵی 2022دا قازانجەکەی بووە بە 513 بلوێن، وە لە ساڵی 2023دا قازانجەکەی بووە بە 574 بلوێن دۆلار.

سەرمایەداری تاوانی لێ ئەچۆڕێ، وەڵام تەنها شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و بنیاتنانی سۆشیالیزمە.

### سەرچاوە:

**لینکی وتارەکەی گەبرایڵ زوکمان لە ڕۆژنامەی نیویۆک تایمز بە ناونیشانی.**

# سەرەخۆشی وەك ئاكتێكی دیپلۆماتیكی




## نووسینی: ڕۆمان ئامینە

سەرەخۆشی لە گفتومانی پەیوەندیە سیاسیەکاندا جۆرێکە لە جۆرەکانی مەتنی دیپلۆماتیکی، بە دیاریکراوی بەشێکە لە مەتنی دیپلۆماتیکی نووسراو. ئامانج لەسەرەخۆشی کردن وەک هەر ئاکتێکی سیاسی تر، دەشێ بۆ شاردنەوەی دژایەتی بێت، یاخود بەرقەرارکردنی جۆرێک لە ئاشتەوایی، یان دەرخستنی نیازپاکی، یاخود بۆ چەواشەکاری بێت. سەرەخۆشی بە زمانێکی ئەبستراکت و بە شێوەیەکی ئێفێمیزمیانە دەنووسرێ.، کە تێیدا سەرنج، هیواخواستن، جەختکردنەوە لە برایەتی و ئاشتەوایی دێتە باس وێڕای سەرەخۆشی.

بە درێژایی مێژووی پێنج سەد ساڵەی ئەوروپا و پێشتریش کە تەژییە لە بەریەککەوتن و شەڕ و ناسەقامگیری سیاسی، هەمیشە پەیوەندی بە ئاستگەلی جیاواز لەنێوان میرە ئەوروپیەکاندا جێگەی باسبووە. تەنانەت لە سەروەختی شەڕەکانیشدا کۆشکی میرەکان نوێنەری میرە نەیارەکانی تێدابووە و یەکبینە برووسکەیان ئاڵوگۆڕ کردووە. ئەوە لە بابەتی مردنی کەسە گرنگەکانی بنەماڵەی میرەکاندا، ئەو میرانەی دی کە بۆ خوێنی گیانی یەک بە کوڵ بوون، برووسکەیان ناردووە و هاوخەمیان نواندووە، بێ ئەوەی ئەوە ناکۆکیەکانیان کۆتایی پێ بێنێت، ئەوەش وەک نەریتێکی سیاسی بە درێژایی ئەو چاخانە تا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە. بەڵام ئەوەی دیپلۆماسی کۆن لە نوێ جیادەکاتەوە جۆرێک لە شاراوەییە، کە لە دیپلۆماسی کۆندا جێی باس بووە، هەرچی دیپلۆماسی نوێیە کە بە دیپلۆماسی کراوە و ئاشکرا ناودەبرێ بە پێچەوانەوە چیدی ناشاردرێتەوە تەنها نێوەڕۆک و ئامانجەکەی نەبێت، دەشێ دیپلۆماسیەتی ئاشکرا و کراوە بە دیپلۆماسیەتی ئەمریکیش ناوزەد بکەین، کاتێک لە جەنگی جیهانی دووەمدا لەلایەن بەهێزترین فاکتەری ئەو سەردەمەوە کە ئەمریکابوو لە چوارچێوەی میکانزمی ڕیاڵ پۆلەتیکدا وەک نەریتێکی سیاسی و دیپلۆماسی، هاتە نێو مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

شا تەهماسبی سەفەوی چاوی بە سەرکەوتنەکانی عوسمانیدا هەڵنەدەهات و لە هەوڵی ئەوەدابوو بیرۆکەی شیعەگەری بەرێتە ئەنادۆڵەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕێی برووسکەوە پێشوازی لە سەرکەوتنەکانی عوسمانییەکان لە ئەوروپا دەکرد و نزای بۆ دەکردن و ئاژەڵی بۆ قوربانی دەکردن، بەڵام لە بنیشەوە خەریکی دروستکردنی قۆرت بوو بۆیان، تا ئەوەی دەرفەتی قۆستەوە و سەرقاڵ بوونی ئەوانی بە ئەوروپاوە بە هەل زانی و پەلاماری ئەنادۆڵی دا و قەڵای وانیشی گرت ئەوەش پێشڕەوی عوسمانییەکانی لە دەرگاکانی ئەوروپادا ڕاگرت

ئەلێکساندەری یەکەم قەیسەری ڕووسیا و ناپلیۆن پۆناپارتی فەرەنسا، زوو زوو برووسکەی پیرۆزبایی و دڵاوایان بۆ یەک دەنارد، هەرچەندە لای دۆستەکانیان ئەوەیان نەدەشاردەوە کە دووژمنی یەکن. قەیسەری ڕووسیا ئەلێکساندەری لە نامەیەکدا کە بۆ خوشکەکەی ناردووە، لە بارەی ناپلیۆنەوە دەنووسێ کە لە ئەوروپادا شوێنی پێویست بۆ هەردووکمان نییە، درەنگ یان زوو پردی پەیوەندیمان دەپچڕێ و یان من یان ئەو. بەم جۆرە پەیوەندیەکە تا پەلاماری ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا و تەنانەت تا گرتنی وێلنا مایەوە و لە چوارچێوەی برووسکە و نامەدا پارێزگاریان لە نەریتنی دیپلۆماسیەتی نێوانیان کرد، ئیدی لەوێوە بۆ هەمیشە پچڕا.

میسر و ئیسرائیل لە مێژووی هاوچەرخدا ئەو دوانە نەکڵۆکە بوون کە بە تەنیشت یەکەوە هەڵکەوتوون و هەمیشەش لە گرژیدا بوون، بە تایبەت لەسەردەمی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسردا. سا وەختێک جەمال عەبدولناسر کۆچی دوایی کرد، گۆڵدا مایەری سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئیسرائیل برووسکەیەکی ئامادەکرد، هاوکات سەرۆک زەلمان شازار پەیامێکی دەنگی بۆ ڕادیۆی دەنگی ئیسرائیل ئامادەکرد وەک سەرەخۆشی لە دەسەڵات و گەلی میسر، بەڵام مۆشە کۆڵ و مۆشە دایان دوانە سەرسەختە عیبرانیستەکە لە دواساتەکاندا نەیانهێشت و کەوتنە جوڵاندنی هەستی دەمارگیرانەی زایۆنییەکان و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پەیامە دەنگییەکە، بە بیانووی ئەوەی کە جەمال عەبدولناسر پیاوێک بووە کە زەرەری گەورەی لە دۆزی ئیسرائیل داوە، ئەگەرچی دوایش پەیامەکەی زەلمان شازار لە ڕێی ڕۆژنامەوانەکان و دیپلۆماتە ئەمریکییەکانەوە بە میسرییەکان گەیشتەوە.

ئەنوەر ساداتی میسریش لە برووسکەیەکدا کە بە بۆنەی مردنی گۆڵدا مایەرەوە ناردبووی، ئاماژەی دابوو بە گۆڵدا مایەر ژنێکی ئاشتیپەروەر و باش بووە، ئەوەش ڕای گشتی میسر و ناسیۆنالیستەکانی ئەو وڵاتەی لێ وروژاند، ساداتیش لە وەڵامدا دەیگوت کە زمانی لە پەیوەندیدار بە کوردەوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی سەرۆک کۆماری ئێران، هەندێ لە حیزبە کوردییەکان پەیامی سەرەخۆشیان بۆ مردنی سەرۆک کۆماری ئێران بڵاوکردەوە، لە کاردانەوەدا ئەم بابەتە لەنێو جڤاتی کوردیدا پڕۆتێستۆ کرا و وەک هێمایەک لە پاشکۆیی لێکدرایەوە. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرت، چونکە نازانرێ تا چەند ئەم پەیامانەی حیزبە کوردییەکان دەچێتە خانەی نەریتی سیاسی لە پراکتیکی ڕیاڵ پۆلەتیک و لە چوارچێوەی دیپلۆماسیەتی ئاشکرادا، هەروا کە تا ئێستا کۆدەنگییەک نییە لەسەر چییەتی خیانەتی نیشتیمانی و هێڵە سوورەکان، جیا لەوە ئەوە مایەی پرسیارە کە داخۆ پەیامدانی حیزبە کوردییەکان بە چ ئامانجێک بێت لە کاتێکدا ئەوان خاوەن کاراکتەری نادەوڵەتین، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەمە بە تەنها نابێتە فاکتەری خیانەت، ئەگەرچی ئێمە وەکو کورد دنیایەک یادەوەری ناخۆش و تاڵمان لەگەڵ دەوڵەت نەتەوەکاندا هەیە....

پرسی رۆژ گۆشەیەکە ئاراس رەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە رێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی رۆژ

## گۆڕانکاریەکانی جەنگ لەغەززە بەرەوکوێ..

### بەڕێزئیدریس مستەفا لێکۆڵەری سیاسی وەڵامی پرسی ئەمجارەمانی داوەتەوە



رۆژی ٢٢ی ئایار ٢٠٢٤ هەریەکە لە وڵاتانی نەرویج و ئیسپانیا وئیرلەندا بریاریاندا دانبنێن بەدەوڵەتی فەلەستین. بەمجۆرە دووبارە پرسی دەوڵەتی فەلەستین بەفەرمی زیندووبۆتەوە. هەروەها رۆژی ٢٠ی ئایار دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بریاری دەستگیرکردنی (بەنیامین نەتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ویواف غالانتی وەزیری بەرگری وژمارەیەک لەسەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی حەماس) ودادگایی کردنیان لەئەنجامدانی تاوانی مرۆیی لەغەززە بۆدەرکراوە. جگە لەچڕبوونەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر کەمپی رەفەح.

**بەرای ئێوە ئەم رووداوانە لەیەک هەفتەدا ئاراستەی رووداو و پرسی جەنگ لەغەززە بەرەوکوێ دەبەن ؟**

**ئیدریس مستەفا:** تا ئەم ساتەی ئێمەی تێداین بارودۆخی غەززە بەرەو خراپتر دەڕوات. ئەو دوو رووداوە لەوانەیە کاریگەری دابنێن لە هەندێ رووەوە، بەڵام ناتوانن گۆڕانی جەوهەری بەدی بهێنن لەبەر چەند هۆیەک:

یەک: زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی بەتایبەت ئیسپانیا کێشەی نەتەوەی ژێر دەستی وەک فەلەستینیان هەیە، و ئامادە نین چارەسەری بکەن، بەڵکو لە



دەستوری دادی ئیسپانیدا بەندی ١ی ساڵی ١٩٧٨هەیە کە لە ئیسپانیا سەرەوەری نەتەوەیی بۆ ئیسپانیەکانە، و هەموو سەرچاوەکان لەوێوە سەرچاوەدەگرن. لە بەندی ٢شدا هەندێ یۆتۆنۆمی بە هەرێمی نەتەوە جیاوازەکان دراوە، بەڵام جیابوونەوە و سەربەخۆیی خوازی نادەستوریە، و بە توندی رەتدەکرێتەوە لە لایەن دەسەڵاتی سەنتەرەوە. گەر ئیسرائیل جوگرافیایەکی دیاریکراوی دابێت بە فەلەستینیەکان، و لە رووی تیئۆریەوە رازیە بە قەوارەیەکی سیاسی فەلەستینی و بگرە دەوڵەتێک، بەڵام بەو مەرجانەی خۆی دەیەوێت؛ کەچی ئیسپانیا دژی هەر مافێکی لەم چەشنەیە و دەنگدانی ساڵی ٢٠١٧ی کەتەلۆنیا کە لە پرۆسەیەکی دەنگدانی ئازادانەی هەرێمەکەدا زۆربەی زۆری دەنگیاندا بە جیابوونەوە لە ئیسپانیا، بەڵام حکومەتی ئیسپانیا زۆر بە توندی بەرەنگاریان بۆیەوە، و نەک هەر سەدان و هەزاران خەڵکی پڕ شەق و زیندانی کرد، بەڵکو هەموو سەرکردەکانی جوڵانەوە سەربەخۆییەکەی دەستگیرکردن و زیندانی چەندان ساڵەی بۆ بڕینەوە. ئەوەشی رایکرد وەک سەرۆکی کەتەلۆنیا کارلوس پویجمەنت تا ئیستاش ناتوانن بگەرێنەوە بۆ ئیسپانیا. یەک وڵاتی ئەوروپی لەوانە ئەو ئێرلەندا و نەرویجەی کە داوای دەوڵەتێک بۆ فەلەستینیەکان دەکەن یەک قسەیان نەبوو بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆ! بۆ کەتەلۆنیەکان کە بە قەد سویسرا دەبن. جا بۆیە ئەوروپییەکان دوایین کەس کە باس لە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ گەلە ژێر دەستەکان بکەن.

دوو: بڕیارەکانی هەردوو دادگەی دادی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای ناتوانن گۆڕانکاری لەسەر ئەرزی واقع بەدیبهێنن؛ چونکە ئەو دوو دادگایە باڵی ئەوروپی بەتایبەت بەریتانی تێیدا زاڵە و لەوێدا کێشەی ئەمریکا و بەریتانیا دەردەکەوێ. پاشان لە رووی قانونی نیودەوڵەتیەوە ئیسرائیل لایەنی سەرەکیە گەر قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ فەلەستینیەکان. بەریتانیا ئەوەی لە یادە کاتێک داوای لە ئەمریکا کرد بەشداری جەنگی جیهانی دووەم بکات دژی ئەڵمانیای نازی یەکێک لە داواکاریەکانی ئەمریکا دەسبەردار بوونی بەریتانیا بوو لە زۆرێک لە ناوچە کۆلۆنیاکراوەکان. ئەو دوو دادگایە تەنها بۆ وڵاتانی ناحەزی ئەمریکا و ئەوروپا دروست بوونە، بۆیە کاتێک بڕیاری دەسگیرکردن بۆ عومەر بەشیر و قەزافی و پۆتین دەردەکات جێگەی دەسخۆشیە، بەڵام بۆ هاوپەیمانێکی خۆیان کە ئیسرائیلە ئەوا جێگەی تانە و تەشەرە و لە راستیشدا هەردەبێ وابێ، چونکە ئەو دادگای تاوانە خۆیان دروستیان کردووە و تەنها بۆ



دادگایی غەیرە ئەوروپی و غەیرە ئەمریکاییەکانە.

سێ: کەریم خان وەک داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتی پارێزەرێکی بی لایەن نییە. لە رووی سیاسیەوە بۆ سیاسەتەکانی بەریتانیا کاردەکات، بەتایبەت کە خۆی بەریتانیە؛ لەلایەکی تریشەوە، لە رووی مۆراڵیشەوە کەریم خان داکۆکی لە یەکێک لە تاوانبارە نێوودەوڵەتیەکان دەکات کە خودی دادگەی تاوانی نیودەوڵەتی شکاتی لەسەر تۆمار کردووە. ویلیام روتۆی سەرۆکی پێشووتری کینیا تاوانبارە بە کوشتنی دەیان خەڵکی مەدەنی کە بە ئاشتیانە هاتبونە سەرجادە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ی وڵاتی کینیا.

خاڵی جەوهەری ئەوەیە کە ئەو وڵاتە ئەوروپیانە و دادگاکانیان مەسەلەی فەلەستین وەک ئەجێندایەکی سیاسی خۆیان بەکار دەهێنن، و دوورو نزیک بە دوای چارەسەری کێشەی فەلەستینەوە نین، چونکە خۆیان تیوەگلاون بە کۆمەڵێ کێشە و گرفتی سیاسی و دادگەری و مۆراڵیشەوە. وەک لەو سێ خاڵەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد بە کورتی.

*******



# نامەی مافیایی 12 سەناتۆری ئەمریکا بۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوان...

## نووسینی: عامر سابیر

دوازدە سەناتۆری حیزبی کۆمارییەکان لە ئەمریکا، لە 24/4/2024 دا نامەیەکیان نارد بۆ کەریم خان (داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتی تاوان). نامەی ئەم دوازدە سەناتۆرە لە نامەی باندێکی مافیایی ئەکات، نەک لە نامەی ئەندامی پەرلەمان کە هەڵبژێردراوی خەڵک بن. لە سەرەتای نامەکەیاندا ئەڵێن "ئەو ڕاپۆرتانەمان پێگەیشتووە کە پێدەچێت بیرلەوە بکەنەوە کە داوای فەرمانی دەستگیرکردنی نێودەوڵەتی دەربکەن بۆ گرتنی بنیەمین نەتەنیاهۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و کەسانی تری حکومەتەکەی". ئەمانە بەردەوام ئەبن و بە کەریم خان ئەڵێن "ئەم جۆرە کارانە ناشەرعین و بنەمای یاساییان نییە و ئەگەر کارێکی وا بکەن ئەوا چاوەڕێی سزای توندی ئێمە بکەن لە دژی خۆت و دامەزراوەکەت". هەروەها ئەڵێن "بەدەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن، تۆ شەرعیەتی یاسا و سیستەمی یاسایی و فۆرمی حکومەتی دیموکراسی ئیسرائیل، ئەخەیتە ژێر پرسیارەوە". وە پێی ئەڵێن "ئەم کارەی تۆ ناڕەوایە و هیپۆکراسی ڕێکخراوەکەت دەردەخات لە کاتێکدا داوای دەسگیکردن بۆ (خامنەئی و ئەسەد و سەرۆکەکانی حەماس وەک ئیسماعیل حەنییە و سەرۆکی چین)ت دەرنەکردووە کە جینۆسایدیان کردووە". ئەم دوازدە سەناتۆرە هەڕەشە ئەکەن و ئەڵێن "ئەگەر فەرمانی دەستگیرکردنی سەرکردایەتی ئیسرائیل دەربکەیت، ئێمە ئەمە نەک تەنها وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر سەروەری ئیسرائیل، بەڵکو بۆ سەر سەروەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێکدەدەینەوە". وە لە کۆتایی نامەکەیاندا پێی ئەڵێن "ئیسرائیل بکەنە ئامانج، ئێمەش ئێوە ئەکەینە ئامانج"، وە هەڕەشەی شەخسی لە خۆی و لە خانەوادەکەی ئەکەن و ئەڵێن سەفەرت لێ قەدەغە ئەکەین1.

سەرەڕای ئەم نامەی هەڕەشەیە، ڕۆژی دووشەمە 20/5/2024 کەریم خان (داواکاری گشتی ئای سی سی) ئەپلیکەیشنەکەی لەسەر داوای دەسگیرکردنی (سەرۆک وەزیران و وەزریری بەرگری ئیسرائیل و سێ کەس لە ڕابەرانی حەماس) پێشکەش بە دادگای نێودەوڵەتی تاوان کرد2. ئێستا ماوەتەوە سەر ئەوەی ئەو سێ دادوەرەی دادگای نێودەوڵەتی تاوان لە کەیسەکە بکۆڵنەوە و لە چەند هەفتە و مانگی داهاتوودا بڕیاری لەسەر بدەن.

کەریم خان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (سی ئێن ئێن) ئەڵێ3، بەشێوەی ڕەسمی و نارەسمی چەندین جار هەڕەشەم لێکراوە. ئەڵێ کەسی زۆر باڵا تەلەفۆنی بۆ کردووم و وتوویەتی (ئای سی سی) هەر بۆ ئەفریقا و چەقۆکیشی وەک پۆتین دامەزراوە، نەک بۆ سەرۆک وەزیرانی وڵاتێکی دیکموکراسی وەک ئیسرائیل، وە داوایان لێکردووە کە هەڵەی وا نەکات.

پێدەچێت ئەم هەڕەشە و فشارانە بێ کاریگەری نەبووبێت لەسەر (ئای سی سی) و کەریم خان، بۆیە کەریم خان لەگەڵ داوای دەستگیرکردنی بنیەمین نەتەنیاهۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و یۆلاڤ گەلانت وەزیری بەرگری، لە هەمانکاتدا داوای دەستگیرکردنی سێ لە ڕابەرانی حەماسیشی کردووە (یەحیا سینوار و ئیسماعیل حەنییە و محمەد دیاب ئیبراهیم ئەلمیسری).

ڕەنگە هەر لە ژێر ئەو فشارانەدا بێت، کە کەریم خان لە ڕیزکردنی تاوانەکاندا بۆ نەتەنیاهۆ و گەلانت، وشەی جینۆسایدی بەکار نەهێناوە و لە جیاتی ئەمە کۆمەڵکوژی بەکارهێناوە. لە باری یاساییەوە جینۆساید تاوانێکی گەورەترە، کە دەوڵەت بە ئەنقەست و بە بەرنامە بۆداڕێژراوی کوشتنی بە کۆمەڵ ئەکات، بەڵام ئەگەر تاوانەکەی هەر کۆمەڵکوژی بێت، ئەوا وەک لێکەوتە و تاوانی جەنگ لێکدەدرێتەوە.

لە ژێر فشاردا کەریم خان لە 20ی مەی 2024دا (لە پاش کوژرانی زیاتر لە چل هەزار فەلەستینی و خاپورکردنی هەموو غەزە) تاوانی جینۆساید ناداتە پاڵ نەتەنیاهۆ و گەلانت، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە 28/10/2023 ( کرەیگ مەکایبەر-کە بە ڕەچەڵەک جووە)4 کە کاربەدەستێکی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە نیویۆرک، دەستی لە کارکێشایەوە، وەک نارەزایەتیەک لەدژی بێتوانایی و بێدەربەستی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر ئەو تاوانەی کە بە جینۆساید ناوی ئەبات کە ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین ئەنجامی داوە. مەکایبەر کە خۆی پارێزەرێکی بەئەزموون ولێهاتووی مافی مرۆڤە، ئەڵێ ئەوەی ئیسرائیل کردوویەتی بە (بەپێی یاسا و دەقی کتێبەکان جینۆسایدە)5

.

هەروەها کاتێک کە باشوری ئەفریقا لە 29ی دیسەمبەری 2023 دا، کە لە غیاب و لە ڕیسوایی وڵاتانی عەرەبیدا، شکاتی لە ئیسرائیل کرد لە دادگای دادوەری نێودەوڵەتی (ئای سی جەی)، ئەفریقای باشور داوای دادگاییکردنی ئیسرائیلی کردبوو لەسەر ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لە دژی خەڵکی فەلەستین، بەڵام کەریم خان لە 20/5/2024 دا خۆی لە بەکارهێنانی وشەی جینۆساید ئەپارێزێ بۆ ئەو تاوانانەی حکومەتی ئیسرائیل لە فەلەستیندا ئەنجامی داوە.

هەر چۆن بێت، ڕاگەیاندنی ئەم داوای لێکۆڵێنەوەیە لەسەر تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی حکومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستن، کە فشاری بەرەی ئازادیخوازی دنیادا لە دژی شەڕ و تاوانەکانی ئیسرائیل پاڵنەرێکی گرینگێتی. ئەم داوایەی (ئای سی سی) هەنگاوێکی ڕوو لە پێشە و ڕیسوایی و تەریککەوتنەوە و ملهوڕی ئیسرائیل و ئەمریکا دەردەخات و سەلمێنەرێکی تری ئەوەیە کە دنیای تاک جەمسەری بووە بە دوو جەمسەری و ئەمریکا و ئیسرائیل بێ بەربەست تاوانەکانیان بۆ ناچێتە سەر.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە زۆر بە کورتی چەند جیاوازییەکی دادگای نێودەوڵەتی تاوان (ئای سی سی)  و دادگای دادوەری نێودەوڵەتی (ئای سی جەی) بکەم، کە زۆر جار تێکەڵکردن و سەرلێشێواندن دروست ئەکات.

International Criminal Court (ICC) & International Court of Justice (ICJ)

)– 1ئای سی جەی)، کێشە و ناکۆکی نێوان دەوڵەتەکان چارەسەر ئەکات، بەڵام (ئای سی سی) تاکەکان (شەخسەکان) بە هۆی تاوانە نێودەوڵەتییەکانەوە دادگایی ئەکات.

2 –(ئای سی جەی) لە ساڵی 1945دا دامەزراوە و لە 1946ەوە دەستبەکارە، بەڵام (ئای سی سی) لە 1998 وە دامەزراوە و لە 2002 وە دەست بەرکارە.

3 – (ئای سی جەی) ئۆرگانێکی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام (ئای سی سی) تا ڕادەیەک سەربەخۆیە هەرچەندە لە لایەن ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتگیری لێکراوە.

4 –لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە 193 وڵاتن، هەموویان بەشێکن لە (ئای سی جەی) بەڵام تەنها 124 وڵات ئەندامی (ئای سی سی)ن، زیاتر لە چل وڵات ئەندام نین لە (ئای سی سی) دا لەوانە ئەمریکا و ئیسرائیل و هیندستان و ڕوسیا و چین و ئێران و ئەندەنوسیا و ئەسیوپیا وعێراق و تورکیا و سعودیە و کۆریای باکور .....هتد.

**سەرچاوەکان:**

1

**لینکی نامەی 12 سەناتۆری حیزبی کۆمارییەکان بۆ کەریم خان**

https://www.politico.com/f/?id=0000018f-4e0e-d759-a9ff-ff4ee9420000

2

**ڕاگەیاندنی (ئای سی سی) لە لایەن داواکاری گشتییەوە (کەریم خان) لە 20/5/2024 دا بۆ داوای دەستگیرکردنی سێ سەرکردەی حەماس و نەتەنیاهۆ و گەلانت.**

https://www.icc-cpi.int/news/statement-icc-prosecutor-karim-aa-khan-kc-applications-arrest-warrants-situation-state

3

**چاوپێکەوتنی کەریم خان لەگەڵ سی ئێن ئێن لە 21/05/2024 دا**

https://www.youtube.com/watch?v=6BquEw4kNNE

4

**چاوپێکەوتنی کەناڵی (دیموکراسی هەرئێستا) لەگەڵ گرەیک مەکایبەر لە 02/11/2024**

Craig Mokhiber

https://www.youtube.com/watch?v=wiGp2mvFLY0

5

Graig Mokhiber accused the United Nation of falling to address what he calls a “Textbook case of genocide” unfolding in Gaza.

# منالان و حزب و لایەنە سیاسییەکان

## عەبدوڵا مەحمود

حزب و لایەن و کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان هەر بەوە ناناسرێنەوە کە هەڵگری چ سیاسەتێکن و چ جۆرە رێکخستنێکیان هەیە. ستراتیژ و تاکتیک و دروشمی رۆژیان چییە، یان هەڵگری چ پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین. وە تەنها بەوە ناناسرێنەوە دەستیان بەکام دروشم و بانگەشەوە گرتووە، بەڵکو هاوکات کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی تر هەیە کە دەتوانێت ببێتە پێوانەی خستنە رووی ناسنامەی واقعی ئەو حزب ولایەنە سیاسیانە و ڕادەی پێشکەوتنخوازی یان داوکەوتووبوونیان. یەکێکیش لەو خەسڵەتانە مامەڵەو بەرنامەی ئەو حزب و لایەنانەیە لە پەیوەند بە منالان و تازەلاوان مافەکانیان.

ئەگەر لەو سۆنگەیەوە بڕوانینە حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی و خانەوادەی بۆژوازی کورد بەتایبەتی، ئەوا بێ دوودڵی ناوەرۆکی دواکەتووی و کۆنەپەرستبوونی ئەو حزبانە دەخاتە ڕوو.

منالان لە کۆمەلگەی کوردستاندا بێبەشترین توێژی زوڵملێکراو و فەرامۆشکراون... بەرنامەی هیچ کام لەو حزب و لایەنە سیاسیانەی بۆرژوازی کورد، زەمانەتیکی بۆ دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و وە داهێنەرانە بۆ منالان و تازەلاوان تیا نییە. باش بژیوی بۆ منالان بێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانیان نەک لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکو خەبەرێک لە ستانداردێکی هاوبەش و چوونیەک بۆ منالان بەمەبەستی گەشەی مادی و مەعنەویان لە گۆڕیدا نییە. باسێک لە خەرجی پێویست و خزمەتگوزاری پزیشکی و فێرکاری، کەلتوری خۆڕایی تا دەگایە دایەنگەی مۆدێرن و ژینگەیەکی شیاوی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی... بۆ منالان نییە. هێشتا کاری قورس و پیشەیی بە منالان و تازەلاوان واقعیەتی تاڵی حاشالێنەکراوی کۆمەڵگەیە... هێشتا ئازاردانی منالان لەخێزان و قوتابخانەو لە ئاستی کۆمەڵگەدا تا سزادانی جەستەیی و گوشارو ئازادانی دەرونی دیوێکی تری هەلومەرجی منالان و تازە لاوانە. جیاکردنەوەی منالانی کچ و کوڕ لە قوتابخانەکان، بەدکەڵک وەرگرتنی جنسی لە منالان، بێبەش بوونی منالان لە مافە مەدەنی و سەردەمی و کۆمەڵایەتیەکان، بێبەش بوونیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت ڕاکیشانی منالان بۆ ناو دنیای سیاسەت و کاری سەربازی، منالانی لە دنیای خۆیان و لە کەشێکی تەندروستی سالم دوورخستۆتەوە... ڕەوتە ئیسلامیەکان منالان حجاب پۆش دەکەن و بارگاویان دەکەن بە ئایدۆلۆژیایی سیاسی و دینی و مەزهەبی... منالانێک کە بەهەر هۆیەکەوە لەدەرەوەی خێزان چاویان بەدنیا هەڵیناوە سوکایەتیان پێدەکرێت" بە بیژو" ناوزەرد دەکرێن، لە مافی یەکسان و... چوونیەکی منالان بێبەش دەکرێن. ڕەوایەتی دەدەن بە کچان تا پێش تەمەنی باڵق بوون هاوسەرگیری بکەن... بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانی ناو حزب منالانی خۆیان لە تەمەن زۆر سەرەتاییەوە باردەهێنن تا ببنە سەرۆک وسکرتیر و ڕەئیس و روئەسای داهاتوو... هەر ئێستا دەیان سەرۆکی پاکەتی لە منالیەوە مۆری سەرۆک و بەپرسیاریەتی داهاتوویان لێدراوەو پاشەکەوتکراون تا جێگای باوک و باپیرە و مامیان بگرنەوە...

حزبە سیاسیەکانی ناو ماڵباتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە بەدواکەوتووی و نەزانی، ئامادەنین سیستەمی پەروەردەو فێرکردنێکی مۆدێرن بخەنە جێگای ئەو سیستەمە سەقەتەی پەروەردەو فێرکردن کە دەرفەتی ئازادی و سەربەستی و توانایی بریاردانی منالان و تازە لاوان و دەرخستنی تواناییەکانیان کلۆم داوە.

بەڵی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانە، تەنها حزبی میلیشیایی تالانچی نین، تەنها کۆنەپەرست و دژی پێشکەوتنخوازی نین، تەنها هەژاری و بێکاری و هەلاواردن پەرە پێنادەن و بەتەنها خۆشخزمەتچی بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە نین، بەڵکو نەوەکانی داهاتووی ئەم کۆمەلگەیەش کە منالان و تازە لاونن، لەلایەن ئەم دەسەڵات و حزبانەوە وەکو کاڵای ڕەق و کائینی گوێگر و بێبەش لە مافی ئینسانی تەماشا دەکەن... دەیانەوێ لە ئێستاوە کۆمەڵگەی خامۆش و گوێرایەڵ و بێ پرسیار بۆ ئاییندە دروست بکەن... دەڵێن دەبێ منالان گوێرایەڵ بن، لەقسەی باوک و دایکیان دەرنەچن، تا کە گەورەش بوون یاخی لەدەسەڵات و نابەرابەری نەبن و بێدەنگ بن... ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی و حزبە بۆرژوازییەکان، رووبەرووی دەیان سەدان رەخنەن کە بەرگری لە ستەمی مەوجود و تالانچی سەرمایەداری دەکەن، ئەوا وەستانەوە بەرووییاندا و کۆتاییهینان بەدەسەڵات وکەنار خستنیان تەنها بەو هۆیەوە کە منالان و تازە لاوان، جێگای گرنگی پێدان نین و بێ مافن، بەسە بۆ دەرخستنی ناوەرۆک و پەیامی دژی ئینسانیان.

بەکورتیەکەی مامەڵە و بەرنامەی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لە پەیوەند بەمنالانەوە پێوانەیە بۆ ئاشنابوون بە پەیام و کارکردی ئەو حزب و لایەنانە.

## مەنسور حیکمەت لە وەڵامی پرسیارێکدا

**مەنسور حیکمەت لە پەیوەند بەدژی بەشداربوونی منداڵان خۆیان لە کەمپینەکانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی منداڵاندا, بەو جۆرە وەڵام دەداتەوە:**

منداڵان کە خۆیان قوربانی ستەم و بێمافی و چەوساندنەوەن، وەک ملیۆنان منداڵ کە بە کرێیەکی کەم و لەهەلومەرجێکی خراپدا کاردەکەن، یان کچانی خێزانە دەمارگیریە ئیسلامییەکان کە ڕێگای ژیانێکی ئاساییان لێدەبەستن، بەدڵنیاییەوە ئەبێت نارەزایەتی دەربڕن وە دەریشی ئەبڕن. بەڵام بە بۆچونی من، ئەمە لەگەڵ ڕاکێشانی منداڵان لە وڵاتانی وەک سوید بۆ ناو کۆبونەوە سیاسییەکان ومانگرتن و خۆپیشاندانەکان زۆر جیاوازی هەیە. من لەگەڵ ئەوەی دووهەم زۆر ناکۆکم. بەبڕوای من باوک ودایکان و قوتابخانەکان وگەورەکان نابێت منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی پەلکێش بکەن بۆ ناو هەڵسوڕانی سیاسی و حیزبی وکۆڕوکۆبونەوەکانی خۆیان. ئەمە سەربەخۆ لە بۆچوونی سیاسی دایک وباوک، جۆرێکە لە مێشک شۆردنەوە. لەوانەیە بۆ هەندێک ئەوەی کە باوک و دایکێک لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەی مارکس ولینین یان نیڵسۆن ماندیلا و ئیقباڵ مەسیح بدەنە دەست منالەکانیان، وەک کارێکی زۆر پێشکەوتنخوازانە بێتە پێشچاو، بەڵام ئەو منداڵە هەر بەو ئەندازەیە لەژێر کاریگەری دایکان وباوکان و گەورەکاندا و بێ سەربەخۆیی ئەندێشە ئەو کارەی کردوە، کە منالانیک لەلایەن سقاستیکاوە (خاچە شکاوەکەی فاشیستەکانی) لکاندوە بە باڵیانەوە و (لا الە الا اللە) لەناوچەوانیان دەنووسن. وە باوەڕ بەوە دەکەی کە ئەمەی دووهەمەیان زۆر جێگای نیگەرانییە. من دژی ڕاکێشانی منداڵانم بۆ ناو جوڵانەوە سیاسی و ئاینییەکان. بەرنامەی حیزبی ئێمە زۆر بەڕۆشنی بردنی منالانی بۆ ئەو جۆرە کۆبونەوە و گردبونەوە مەزهەبیانە ڕەتکردۆتەوە. بە بڕوای من ئەو دایک وباوکانەی کە ئەیانەوێت منداڵەکەیان ئازادیخواز و ئازاد وەباربهێنن، پێویستە ئامڕازی سەربەخۆیی بیرکردنەوەیان بدەنێ، پیویستە کەشێکی ئازادو ئازادی بیرکردنەوەی بۆ فەراهەم بکەن. پێویستە بیروباوەڕە خورافی و باوەڕە باوەکان (سونەتی) و گوشاری مێشک شۆردنی سیستەمی پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان لە قسەوباسەکانی خۆیدا لە کردەوەی ڕۆژانەی خۆیدا لە بەرچاوی ئەودا ڕەخنەی لێبگریت وە لەهەمان کاتدا داوا لە ئەو بکەیت کە بیربکاتەوە، ببینێت، بپرسێت وە لە دۆزینەوەی بۆچوونی کۆتایی خۆی پەلە نەکات. مەسەلەیەکی تر بە بڕوای من ئەوەیە کە پیشاندانی هەموو ڕەشیەکانی دنیا، تەواوی زوڵمەکان، تەواوی سەختییەکان و خراپەکان بە منداڵان کارێکی دروست نییە. نابێت دنیایی گەشبین وپڕ ئومێدی منداڵان تێک بدەین. بە بڕوای من منداڵی "زۆر سیاسی" بە گریمانەیەکی زۆر گەورەیەکی لا موبالاتی لێ پەیدادەبێت. گۆشەیەکی هەوڵی مرۆڤ بۆ گۆڕینی جیهان، هاتنی بەردەوامی نەوەیەکی نوێیە بۆ دونیایەک کە نایەکسانی و دواکەوتویی بۆیان زۆر ڕاچڵەکێنەرە و جێگای پەسندیان نییە. چ میهرەبانییەکی تێدایە کە ئێمە پێش منداڵەکان ڕەسمیەت بدەین بەم وێنە ڕەشە...

********

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

## تەواو کەری بەشی دووەم لە چارەسەری سایکۆ دراماو و شانۆی (ئەزمونگەری )و(تاقیگەریدا)/ التجريبى.



**نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف...**

### بەشی یەکەم

لە نوسینی شانۆی ئەزمونی و شانۆی تاقیگەریدا (التجريبى) نوسەری بەتوانا دەبێت بیری لێبکاتەوە. ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە شانۆی (ئەزمونی )دا دەبێت هەبێت و نووسەر فەرامۆشی نەکات.

.شانۆ: وەک فۆرمێکی ڕێوڕەسمی لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا دەستیپێکرد و ئەو کەسەی سەرسام بوو بە دەوروبەرەکەی، ڕێوڕەسمەکەی وەرگێڕا بۆ ئەفسانە، بۆ ئەوەی وێنەکە ببێتە پێشەکییەک بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە میکانیزمی جووڵەی خۆبەخۆی بۆ نمایشی کارایی ئەو. جەستە (غەریزەیی)، پاشان گواستنەوەی ئەم بزووتنەوەیە بۆ هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی، وەک (سوجدە، کڕنۆشبردن، مێدیتەیشن) ، یان هونەری (سەما لە بۆنە و جەژنە تایبەتەکاندا) واتە: لەدایک بوونی بزووتنەوە نوێنەرایەتییەکان کە لەلایەن کەسێک کە لە ئاشنابوونی خۆی لابدات.کەواتە: هەر لەسەرەتاوە جەستە، لە ڕێگەی جووڵانەوە، تاقیگەیەک بوو بۆ دروستکردنی (نیشانە و بیرۆکە )،کە دواتر لەلایەن یۆنانییەکانەوە هەڵگیرا و شانۆی تراژیدی خۆیان دامەزراند. بۆ گواستنەوەی چالاکییەکانیان (چاندن، بیناسازی، لێکۆڵینەوە، شەڕ و بیرۆکە...) بۆ فەزایەک لە سەرانسەری شانۆکەدا، و لەو کاتەوە شانۆ توخمێکی هونەری جەوهەری بووە لە کۆمەڵگادا، و چاودێری لایەنە جیاوازەکانی ژیانی خۆی دەکات و لەگەڵ هەر قۆناغێکی نوێدا، بۆمان دەردەکەوێت کە شانۆ بەپێی گۆڕانکارییەکانی هاوسەنگ دەبێت بۆ دیدگا ناتەقلیدییەکان، و بەپێی بارودۆخی (کاتی). دەرکەوتنی قۆناغی تاقیکاری: ١ـ هەر قۆناغێکی گەشەسەندنی شانۆ بێگومان ڕەهەندێکی ئەزموونی هەڵدەگرێت، نوێنەرایەتی کێشەکانی ئەو قۆناغە دەکات و گوزارشت لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دەکات. شانۆی تاقیکاری (التجريبى)، هات بۆ پشتڕاستکردنەوەی توانای شانۆ بۆ هەرسکردنی ئەزموونەکانی پێشوو و دووبارە دارشتنەوەیان بەپێی ڕێبازێکی نوێ کە هاوتەریبە لەگەڵ ئەو پێشهاتە زەبەلاحانەی کە ڕوودەدەن، و بۆ دەرچوون لە سندوقی ئیتاڵی بۆ ناو فەزای کراوە، و مامەڵەکردن لەگەڵیدا توخمەکانی ئەو نمایشە شانۆییەی کە ستانیسلاڤسکی داناوە (یەکگرتن و هاوسەنگی نێوان نووسەر، دەرهێنەر، ئەکتەر و بینەر) بە شێوازی تەواو جیاواز. بەو پێیەی گرنگترین تایبەتمەندی جیهانی هاوچەرخمان گۆڕانکارییە مەعریفیەکانە، کە چەندین بەربەستی ڕوخاند و پێشەکییەک بوون بۆ لەدایکبوونی گوندی زانستی جیهانی. شانۆی ئەزموونی هاتە هاوسەنگی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا. لەدایکبوونی نزیکەی لە هەموو جیهاندا بە یەکجار هاوکات بوو، لە ماوەی دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، شەرەفی لەدایکبوونی ناوێکی دیاریکراوی هەڵنەگرت، وەک شانۆی بێماناکان، لەسەر دەستی (یوجین ئیۆنێسکۆ، سامویل بێکێت، و فێرناندۆ ئارابال) پەرەپێدان و تایبەتمەندی... تایبەتمەندییەکانی شانۆی ئەزموونی: ١– شانۆی تاقیکاری بە سەرپێچیکردنی لە هەموو ئەو شتانەی کە داخراون ، ئاشنان، باو و بۆماوەیی بوون جیا دەکرێتەوە، نوێکان دەناسێنێت و لە ڕێگەی .. ئەو تەوەرانەی کە لە بارگاویکردنی کاری ئەزموونیدا نوێنەرایەتی دەکرێن، بە ئەگەری تێپەڕاندنی (هێڵە سوورە)، پێکهاتەیی و فەرمییەکان لە ڕێگەی (جەستە، فەزا)وە دەچێتە ناو نەگۆڕەکانەوە ، سینۆگرافی، ئامرازەکان).. لەوانە: – هەڵوەشاندنەوەی دەق و هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتەکەی، واتە ملکەچکردنی (دەقی ئەدەبی )بۆ (ئەزموونکردن)، و ڕزگاربوون لە بیرۆکەی پێشکەشکردنی حاڵەتێکی هونەری و نەک (بیرۆکە )یان وەرگێڕانێکی وشەیی (دەقەکە) ئەمە زۆر گرنگە کە نوسەربزانێت، بەمەش فەزای فراوانتر بۆ نمایشکردن لەڕێگەی فۆرمولەوە ( شین لیڤۆنی) کە گرنگییەکی دەربڕینی هەیە.هەروەها ڕووناکی٬و جووڵە٬و سەما لەسەر حیسابی~ دەقەکە بەکاردەهێنرێت. لێرەدا .. دەرهێنەر چەقی کارەکەیە . – ئەکتەر ئامرازێکە لە دارشتنی نمایشی بزوێنەرەکە، هەروەها فەزای گێڕانەوەکە بەپێی (دیالۆگێک)ی ئاڵۆز لە نێوان کارەکتەرەکاندا دابەش دەکرێت. – سینۆگرافیا پاڵەوانە: ڕۆڵی دەربڕینی جەستەیی لە گەیاندنی دۆخی هونەریدا دێت، وەک ئەوەی ..جووڵە ئەو زمانە بێت کە نیشانە و کەرەستەی بەردەست بۆ هاوشێوەکردنی بینەر بۆی زیاد دەکرێت. ئەو پرسیارانەی کە پێش شانۆی ئەزمونی کە ئاراستەی قۆناغی تاقیکردنەوەکە دەکرێن وەک چین؟ پێش شانۆی ئەزمونی، چەندین پرسیاری گرنگ هەیە کە لەلایەن نمایشەکانییەوە دەخرێنەڕوو ، شانۆنامەنووسەکان"،دەبێ لە هەوڵێئەوەدابن کە لە ڕێگەی تاقیگەی کارەوە بەسەریاندا زاڵبن و لەنێو ئەم پرسیارانەشدا: – بۆچی تێزەکانی پێشکەشکردن بە بەکارهێنانی توخمەکانی کار بەپێی تێکەڵەیەکی یەکگرتووی (زمان و جووڵە و ئاماژە) زیاتر مانایەکیان نییە؟ – ئەی ئەو نیگەرانییە زیندووانەی کە بە بوێرییەوە خۆی لە چارەسەرکردن دەپارێزێت و خەڵک لێی دوور دەخاتەوە؟ – بۆچی سوود لە فۆلکلۆر وەرنەگرین؟ – ئەی نهێنی چی وە ڕوونکردنەوەکەی چۆن دەبێت؟ – بۆچوونی بە زۆرەملێ وەدەرنانی تایبەت بە قازانجی گشتی لە ئامانجی چی دایە؟ ئایا دەتوانێت سەرکەوتوو بێت . – ئەی زمان چی؟ ئایا بەربەستە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بە جیهانی ئەو کارە ئەزمونییەدا. – ئەی (وەرگر) ، و توانای هاوشێوەکردنی؟ دوور لەم پرسیارانە، ئەزموونکردن وەک پێویستییەکی ژیان بە گشتی دەمێنێتەوە و شانۆ پرسیاری گەورە دەوروژێنێت و ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە سەرەتاییەکانی و تا ڕادەیەکی زۆریش ڕەنگدانەوەی ئەو نیگەرانیانەیە کە مرۆڤی ناوەوە پێش دەرکەوتنی، و سەرەڕای... ئەو پرسیارانەی کە دەوروژێن و جددیەتیان، شانۆ خۆی دەبینێتەوە کە هەڵگری خەمی نوێبوونەوە و چارەسەرکردنی پرسە هاوچەرخەکان و یەکخستنی دیدگاکە لەسەریان لە ڕێگەی دیدێکی پێشکەوتووەوە، یان لانیکەم دیدگایەک کە لە ڕێگەیەوە بتوانین لە ڕێگەی جوانکارییەوە تێبگەین کە لە دەوروبەرمان چی دەگوزەرێت و... فۆرمولەی هونەری، بەڵام لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتی بەشێک لە ئاشکراکردنێک دەکات کە شانۆ وەک هونەرێکی ئەبەدی مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە تا مرۆڤ بوونی دەمێنێتەوە.

### بەشی دووەم

ناسینی تراژیدیا( کارەسات): ئەم سێ وشە پەیوەستە بە بابەتەکەوە (سەنتێز/ پێکهاتە / مکونات/) : ئازیزانم لە گەڵمدان ؟ سەیرکەن بۆیە بە سێ وشەی جیاواز نووسیم تا وشەکان وەک یەک لە مانادا یەکگرنەوە لە گەیاندن و مەبەستدا. لە پێناسەی تراژیدیادا ئەرستۆ : پێیوایە کە سەرچاوەی هەر کردەو کردەوەی مرۆڤەکان بە باش و خراپەوە لە ژیانیاندا ، کارەساتی وەهمی بۆ مرۆڤەکان دروست ناکات و چیرۆکی ژیانیان ناگێڕێتەوە، بەڵکو هەڵوێستیان لە بارەوە دەگێڕێتەوە، وە پێی وایە : بەختەوری و نە هامەتی لە کرداردایە (الفعل)، وە ئامانجی ژیان چۆنییەتی بوون نیە، بەڵکو چۆنییە تیە لە مامەڵەکردنیدا. پێش ئەوەی بابەتەکە باس بکەم با ڕونکردنەوەیەک لە سەر هونەری دراماتیک بدەم. هونەری دراماتیک چییە؟ ئامانجی (وێناکردنی) کارەساتێکە، دەبێت چوار چێوەیەکی وێنەیی بۆ بکێشرێت کە ڕەنگە لەسەر بنەمای چیرۆکێکی مێژوویی بێت کە ڕووی دابێت، وشەکە لە ڕەچەڵەکدا لە یۆنانی کلاسیکی (τραγῳδία) وەرگیراوە، بە واتای وشەیی (گۆرانی بزن)، بە بەراورد بە ڕێوڕەسمێکی شانۆیی و ئایینی کە تیایدا... (کۆڕس ) بەشێوەی کۆڕاڵی لەگەڵ قوربانیکردنی بزن ـ کە ئەم گۆرانیە لە یۆنانی کۆن دەوترایەوە. تراژیدیا / کارەسات: بە گشتی پەیوەندی بە پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی خەم و دەرئەنجامێکی بەدبەختەوە هەیە لە کۆتاییدا، بەڵام لە کولتوری ڕۆژئاوادا ئەم دەستنیشانکردنە بە تایبەتی بۆ فۆرمێکی (دراما) ش، دەگرێتەوە کە ئەرستۆ: دەستنیشانی کردووە کە بە لایەنێکی جددی و گەورەیی تایبەتمەندە و گەورەیەکی تێدایە کەسێک کە بە بارودۆخێکی بەدبەختدا تێدەپەڕێت. (پێناسەی ئەرستۆ وەک لە پێشتردا لە وتەکەی ئەرستۆدا وتم □ دەتوانێت گۆڕینی بارودۆخەکان لە خراپەوە بۆ باشیش لەخۆبگرێت، بەڵام ئەرستۆ دەڵێت گۆڕینی لە باشەوە بۆ خراپ باشترینە چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بەزەیی و ترس لەناو بینەردا). هەروەها بە بڕوای ئەرستۆ، "پێکهاتەی بەرهەمێکی تراژیدی □نابێت سادە بێت بەڵکو ئاڵۆز بێت و نوێنەرایەتی ئەو ڕووداوانە بکات کە ترس و بەزەیی وروووژێنن، بە بڕوای من لێرەدا: ئەرستۆ دەیەوێت پێمان بڵێت جیاکرێتەوە لە کاری مەهزەلە و کۆمێدی و سادەیی دراماکە، لای ئەرستۆ : گۆڕانکاری چرکەسات بەرەو ناخۆشی و کارەسات، بۆ هیچ ناهاوسەنگی و نەنگی و ئەخلاقی نییە، بەڵکو بۆ هەڵەیەکە کە (جۆرێکە) مەبەست واتە سەرسوڕهێنەرە شازبێت ئەو هەڵەیە . هەروەها ئەو تێڕوانینە هەڵەیە پێچەوانە دەکاتەوە کە دەڵێن ئەم جۆرە کارەساتە دەتوانرێت لە لایەن دەسەڵاتێکی باڵاترەوە (بۆ نموونە یاسا، خوداکان، چارەنووس، یان کۆمەڵگا) بەرهەم بهێنرێت، لە کاتێکدا ئەگەر کەوتنی کارەکتەرێک بۆ ئەم بەدبەختییە بەهۆی هۆکارێکی دەرەکییەوە بێت، ئەرستۆ بە بەدبەختی وەسفی دەکات. .. دەڵێت کارەسات نییە. لێرەوە ئیدی باس لە پێکهاتەکان و ئەو (درکە ) واتای / بەعەربی (الحبک)ە .. پێویستیانە شی دەکەمەوە کە تراژیدیای ڕاستی پێدەناسرێتەوە لە درامایەکی سەرکەوتوودا ، وە تا چەندە نووسەری کورد توانیویانە ئەم پێناسە بوونە، ئاوێتەی ناو درامای کوردی بکەن. چاوەڕێبن یەک یەک دیمە سەر خاڵەکان و شیدەکەمەوە بەوردی لەشانۆی کلاسیکەوە تا شانۆی واقیع و مودێرن و تەجریبی و لە نووسینی شانۆ و دراما تا ئەمڕۆ دەرک پێبکەن.

١– دیمەنێکی (المشهد)ی کارەساتبار. پێناسەی بکرێت.

٢– پێکهاتەکانی کارەسات

. ٣– بەشەکانی کارەسات.

٤– تەوەرەکانی کارەسات.

٥–بیناسازی دراماتیک

. ٦– پێکهاتەکانی هێڵی دراماتیک.

٧– تایبەتمەندی بیناسازی دراماتیک.

٨– یەکەی بابەت.

٩– یەکگرتوویی کات/و شوێن.

١٠– گۆڕانکاری و دۆزینەوە و کارەسات و گۆڕانکارییەکە.

١١– گرێ / العقده. آ– هۆ و پاڵنەر ب– ئەنجامی ڕووداوو ج– سایکۆ و سایکۆ دراما، کە.

١٢– پاککردنەوە و شوردنەوەی گرێی کارەساتەکە. هاوڕێ ئازیزەکانم هیوادارم پێکەوە تا کۆتا لە خوێندنەوەیدابین بۆ ئەوە لە بوونی(درامای شانۆو فیلم و زنجیرە درامیەکان)دا شارەزایمان هەبێت.

**ڕێبوارحەمەشەریف دەرچووی..**
**ئەکادیمی هونەرە جوانەکان**
**زانکۆی/ بەغداد**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف




## وەرگێڕان لەنێوان وەرگرو وەرگێڕدا

نووسینی: جەمال نوری

**وەرگێڕ. دەیەوێ ئەو شتە لەدەستچووەی خۆی بگێڕێتەوە، کە بەزمانێکی دی نوسراوە..."مارتن هایدیگەر"**

هەڵبەت لە دەرەوەی وەرگێران هیچ زمانێکی بێگەرد و پەتیی و باڵا بوونی نییە، بەڵکو هەموو زمانێک پرۆسەو ئەزموونێکی تایبەتە لەبارەی بوون و هیومانیزمەوە. لێرەوە گەر پرۆسەی وەرگێران بریتی بێت لە گواستنەوەی بەهای نامۆ و واتای غەریب لە زمان و کولتوورێکەوە بۆ سەر زمان و کولتوورێکی جیاواز، ئەوا جگە لە مانا باوەکەی کە ئامرازی خوڵقێنەری پەیوەندی نێوان زمان و کولتوورە جیاوازەکانە. هاوکات وەرگێران پرۆسەیەکیشە کە (من)ی وەرگێڕ تیایدا هەوڵ دەدات سەر لەنوێ ئەو بەشە لە دەستچووەی خۆی بگێڕێتەوە کە بەزمانێکی دیکە نوسراوە، باخود گوتراوە. بەم پێیەش وەرگێران بە تەنیا پەیوندی لەنێوان زمانەکان و کولتوورەکان و نەتەوەکاندا دروستناکات و لەیەکیان نزیک ناکاتەوە، بەڵکو هەموو زمانێکیش لەخودی خۆی و هەموو کولتوورێکیش لە خودە قوڵەکەی، واتە لەئینسانیبوونی نزیک دەکاتەوە، بۆیە گەنجینەو سەرمایەی ڕاستەقینە کە هەموو زمانێک خاوەنیەتی، بێئەوەی بیبینێت و پێی بزانێت ئەوەیە کە بەزمانێکی دیکە نووسراوەو گوتراوە، بەڵام پاش ئەوەی وەرگێڕ هەوڵ دەدات ئەو گەنجینەیە لەکۆنتێکستی زمانەوانی وکولتوری ئەویدی جیاوازەوە بگوازرێتەوەو لەنێو زمان و کولتوری خۆیدا نیشتەجێی بکات. بەم پێیەش جگە لەوەی وەرگێڕان لەلایەکەوە بەمانای دیالۆگی نێوان خود و ئەویدی دێت، لەلایەکی تریشەوە، ئێمەی موتەلەقی دەکاتە خوێنەرو گوێگرو بەرەنگی هەموو زمان و کولتورێکی جیاواز.

وەرگێڕان ژانرێکی زیندووی ئەدەبی هەم هەموو نەتەوەیەک پێبەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەر بیەوێ نەخشی هەبێ لە ناسینی کەلتورو فەرهەنگ و زمان و ئەدەبەکەی، دەبێت پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەبێ لەتەک کەلتورە جیاوازەکانی دنیادا، ئەو پەیوەندی هەماهەنگی ناسینی شوناسە ئەدەبیەکەی لەڕێگای وەرگێڕانەوە دەگەیەنرێ.

بیرمەندی گەورەی کورد مامۆستا "جەمال نەبەز"، هەر زوو هەستی بە گرنگی و حەتمیەتی تەئریخی وەرگێڕان کردوە بۆ دامەزراندنی زمان و کەلتورو فەرهەنگ و ئەدەبەکەی، هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم بڕوایەوە کتێبێکی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا نووسیوە بەناوی (وەرگێڕان هونەرە)، جەمال نەبەز لەنێو نووسەرانی کورددا یەکەم نوسەر بووە، بایەخی گەورەی وەرگێڕانی زانیوە بۆ ناسینی دەقە زیندووەکانی نەتەوەکەی بە دنیای دەرەوە، تاوەکو بە گەلانی ناوچەکەو دنیا بڵێ نەتەوەکەی کورد خاوەنی سەدان شاکاری ئەدەبی گەورەیە کە کورد دەتوانێ لەڕێگای وەرگێڕانیانەوە شانازیان پێوە بکات و شان بەشانی ژانری ئەدەبی جیهان هەنگاو بنێت .

هەڵبەتە گەر بەدیدێکی زانستیەوە لە کایەی وەرگێڕان بڕوانین، دەبێ سەرەتا دەقی ڕەسەن و خۆماڵی خۆمان بناسین و بزانین دەتوانین لەڕێگای دەقێک کە هەڵقوڵاویی ئازارو ژانەکانی نەتەوەکەمان بێت، ئەو پەیامەی خۆمان بۆ نەتەوەکانی تر تەوزیف بکەین لەڕێگای وەرگێڕانەوە، تاوەکو ئەو گەلانەش لەنزیکەوە لەگەڵ ئازارو ژانەکانی ئێمەی کوردا بژی. یاخود دەبێ لەڕێگای وەرگێڕانی دەقەکانمانەوە، تا چ ڕادەیەک لەئاستی ئەوەدابین کە شوناس و کوردبوونمان بە دنیای دەرەوە بگەیەنین.

وەرگێڕانی ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەک مانای نوێ بونەوەو فرێدانی ئەو کاشەیە کە ساڵەهای ساڵە لەناوخۆی خۆیدا نەیتوانیوە فرێی بدات و خۆی نوێ بکاتەوە، هەروەها وەکو ئەو ئاوە وەستاوە دێتە پێش چاو کەلەبەری نارِوات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەنگ دەبێ و پیس دەبێ .

بەدیوێکی تردا وەزیفەی وەرگێڕان بۆخۆی مانای تازەکردنەوەی زمان و فەرهەنگ دەگەیەنێ، چون بە پێی ئەو هەماهەنگی و دینامیکەی لەڕێگای وەرگێڕانەوە زمان تیادا باڵادەستی خۆی دەسەلمێنێ، چون بەر زمان و فەرهەنگ و کەلتوری گەلێکی تر تێی کەوتوە، لەم ئاڵوگوڕە ئورگانیەدا زمان جارێکی تر خۆی نوێ دەکاتەوە.

### وەرگێڕان لەناو خودی زمانی دایکدا

"هایدگەر" دەڵێت: »ئەگەر پرۆسەی وەرگێڕان ببێتە هۆی بەیەک گەیشتنی دوو زمانی جیاواز و وایان لێبکات بکەونە دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا، مانای ئەوە نییە کە ئەمە توخمی جەوهەریی وەرگێڕانە. خودی ئەو وتانەی کە وتراون و لەناو زمانی تردا نووسراون، پێویستییان بە لێکدانەوە دەبێت؛ واتە بە زەروورەت وەرگێڕان لەناو خودی زمانی دایکیشدا دەبێت بەم پێیە، وەرگێڕان تەنیا زمانێک ڕووبەڕووی زمانێکی تر ناکاتەوە، بەڵکە زمانی دایکیش ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە؛ وەرگێڕان هەڵوێستی ڕۆشنبیرییەک نییە لەبارەی ڕۆشنبیرییەکی ترەوە، بەڵکە ڕوانگە و هەڵوێستە لەئاست خۆیدا؛ وەرگێڕان بە گیروگرفتکردنی زمانە؛ ئیشکردنە لەناو قووڵایی زماندا؛ هەڵکۆڵینی »نەست«ی زمانە؛ وەرگێڕان نەک زیندووکردنەوەی زمان، بەڵکە مراندنی ئەو پانتاییەیە لە زمان کە ئیتر ناتوانێت بژی؛ کاتێک »زمانی دایک «بەر زمانێکی تر دەکەوێت، دەبێت ئەو بەشە لە خۆی داماڵێت کە ناتوانێت ببێتە ئامرازی دەربڕینی ماناکان؛ ئەرکی زمان تەنیاگواستنەوەی ڕووت نییە، بەڵکە دروستکردنی جیهانێکی هاوبەشە کە تێیدا مانایەک و زەمینەیەک بە دەست بهێنێت کە بتوانێت پەیوەندیی لەگەڵ ژینگەیەکی ڕۆشنبیریی تر بەدەر لەو ژینگە ڕۆشنبیرییەی کە تێیدا بەرهەمهێنراو دروست بکات.

### وەرگێڕان، بەرپرسیارێتی لەئاستی واقیع :


وەرگێڕان بەر لەوەی لێپرسراوێتی بێت بەرامبەر بە تێکست، لێپرسراوێتییە لەئاست واقیعدا؛ هەڵبژاردنی دەقێک بۆ وەرگێڕان، هەڵبژاردنێکی بێلایەنانە نییە؛ پرسەکە ئەوە نییە کە وەرگێڕ دەیەوێت لەزمانی کەسێکیترەوە بۆچوونی تاکەکەسیی خۆی دەربڕێت، بەڵکە هەڵوێستێکە سەبارەت بەو جیهانەی کە تێیدا دەژی؛ کاتێک کەسێک دەست دەداتە وەرگێڕانی کتێبی »مێژووی سێکسواڵیتە«ی فۆکۆ، بەر لەوەی ویستێکی تاکەکەسیی بەدی بهێنێت، پتر مەبەستییەتی ئەو دەسەڵاتەی کە بەسەریدا پیادە دەکرێت چۆن دەروانێتە چێژ؟ چی بە سێکسواڵیتە دەکات؟ ئەو واقیعەی تێیدا دەژی چۆن لەڕێی چێژەوە دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتەوە؟

"گۆتی" لە نامەیەکیدا بۆ" فرەدریش ڕۆشلێتز" ئاماژە بەوە دەکات کە »خوێنەر سێ جۆری هەیە:-

جۆری یەکەم: ئەوانەن چێژ لە دەق وەردەگرن بەبێ هەڵسەنگاندنی، جۆری سێیەمیش: دەقەکان هەڵدەسەنگێنن بە بێئەوەی چێژی لێوەربگرن.

جۆری دووەم، دەکەوێتە نێوان ئەودوو جۆرەی ترەوە، واتە ئەم جۆرە خوێنەرێکە: لە کاتی هەڵسەنگاندنی دەقدا چێژ وەردەگرێت و لەکاتی

بۆ لاپەڕە... 14



## کرێکاران

کرێکاران
بۆ پارووییەک نان
دەستیان قڵیشاوە
ئەوان لەگەڵ ئێش و
ئازارەکانیان دادەنیشن
پیاسە دەکەن
دەخەون
دەمرن،
کرێکاران
بە مەجبورییەوە لە پێناو
ژیانی قورس
راپەڕێنەری کار و ئیشن
ئەوان دەستە قلیشاوەکانیان
لە خۆشەویستەکانیان
دەشارنەوە
تا کوو نەبادا....!!
خۆشەویستەکانیان
دڵگران بن
تا نەبنە مایەی
ژاکانی سیمای ئەوین و
تەنکە خەمی
سەر ڕووی دڵیان .
ئەوان
چاوە غەمبارەکانیان
بە پێکەنین دەشارنەوە
تا کوو کەس
هەست بە ئازارەکانیان نەکا
ئەوان تەنیا بۆ نان دەژین
خۆشی ژیان
لە جەستەی ماندوو و
هیلاکیان دەنێژن

خالید بایەزیدی (دلیر)

# دیدگایەکی ڕەخنەگرانە لە بزووتنەوەی فیمینیزم

نووسینی: ئالا فەرەج



## بەشی یەکەم

پێش ئەوەی لە ناساندنی بزووتنەوەی فیمینیزمەوە دەست پێ بکەم، ئەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم لە لایەن پروفیسورە سوسیۆلۆجیەکان و لێکۆلەرەوەکانی بواری زانستی کۆمەڵناسیدا وهەزارەها باس و لێکۆلینەوەی جۆراوجۆر بۆ ناساندن و گەشەدان بۆ ئەم بزووتنەوەیە کردوە، من نە وەک توێژەرەوەیەکی کۆمەلایەتی یان وەک کۆمەلناسێکی ئەکادیمی ئەم باسە ناکەم، بەلکووەک کەسێکی کۆمۆنیست لە ئەزموونی کاری زیاتر لە ٣٠ سال لە ناو بزووتنەوەی ژناندا ئەم باسە ئەکەم.

مەبەستی سەرەکیم لە بلاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە بتوانین پیکەوە لە دیدگاوتیروانینی کۆمۆنیستییەوە رەخنەکانمان سەبارەت بە فیمینیزم وریکخراوە فیمینیستیەکاندا بخەینە روو و زۆر خۆشحال ئەبم لە دەخالەتی جدی و کۆمینت و دەولەمەندکردنی باسەکە لە لایەن هاورێیان و ئاشنایان و هەر کەسێکەوە بێت کە ناوەرۆکی باسەکە بە بابەتی خۆی ئەزانێت.

مەسەلەی سەرەکی ئیمەی کۆمۆنیستەکان چییە و ئایا تەنها کارکردنە بە دژی کوشتنی ناموسی ودژی کلتووریی کوردەواری و ئیسلام یان وەلامدانەوەمانە بە نیازەکانی ژنانی کرێکار و بە دیهینانی یاسای یەکسانی ژن و پیاو؟ کۆمۆنیستەکان لە کویی ئەم هاوکیشە کۆمەلایەتیانەدا ئەبینرێن و رۆلمان چییە؟ و رێگرە جدیەکانی بەردەم گەشەی کۆمەلایەتی ئەم بزووتنەوەیە چین ؟جیاوازی تێروانینی مارکسیزم چییە لەم بارەیەوە؟ ئایا توانیومانە لە قالبی کاری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بیینە دەرەوە و دەستنیشانی هۆکارو سەرچاوە سەرەکیەکانی کێشەی ژنانمان کردوە و چارەسەری بنەرەتیمان بۆ کێشەکانی ژنان خستۆتە روو؟

بزووتنەوەی فیمینیزم وەک کۆنسێپت زۆر پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە و لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا بە گوێرەی پیداویستی و زەرورەت و نیازەکانی سیستەمی سەرمایەداری ئالوگۆری بەسەردا هاتوە، هەلسەنگاندنی جیاوازی بە گوێرەی پێوەری جیاوازبۆ کراوە، کە زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەو بۆچوونەی کە فێمینیزم وەک بەشێک لە خەباتی بەردەوامی ژنان بۆ بەدەستهێنانی ماف و پێگەی زیاتر و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم وچەوسانەوە لەسەریان ئەناسێنێت.

ئەگەر لێرەداهەلوێستەیەک سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەی فیمینیستی بکەین، جۆرە جیاوازەکانی لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا بناسینەوەو وە کاتێک وەلامی دروستمان دەست ئەکەوێت لەم بارەیەوە کە بە فاکت و دۆکمێنت بیسەلمێنین کە بۆچی بزووتنەوەی فیمینیزم نەیتوانیوە وناتوانێت یەکسانی تەواو بۆ ژنان دەستەبەر بکات.

بزووتنەوەی فیمینیزم لە باری مێژوو‌ییەکەیەوە بە دوو شەپۆل قۆناغ بەندی بۆ کراوە فێمینیزمی شەپۆلی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، سەرنجی لەسەر مافە یاساییەکانی ژنان بوو، بە تایبەت بە مافی دەنگدانی ژنان بە بزووتنەوەی مافەکانی ژنان دەناسرێتەوە، شەپۆلی دووەمیش بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمەچەشن پێناسە ئە کرێت و، شەپۆلی دووەم کە لە سالانی شەست و حەفتاکاندا بەدوای ماف و دەرفەتی یەکسان و ئازادی کەسی زیاتر بۆ ژنان دەگەڕان. دەناسرێتەوە. لە کاتێکدا، شەپۆلی دووەم فێمینیزمی شەپۆلی دووەمی بزووتنەوەی مافەکانی ژنان دەستی خستە سەر هەموو بوارەکانی ئەزموونی ژنان- لەوانەش سیاسەت، کار، خێزان و سێکس. چالاکیی ڕێکخراو لەلایەن ژنانەوە و بەناوی ژنانەوە لە ڕێگەی شەپۆلی سێیەم و چوارەمی فێمینیزمەوە لە ناوەڕاستی سالانی نەوەدەکان و سەرەتای سالانی ٢٠١٠ بەردەوام بوو. بۆ باسی زیاتر لەسەر فێمینیستە مێژوویی و هاوچەرخەکان و ئەو بزووتنەوەی ژنانەی کە گەشەی داوە بە خۆی، هەزارەها کتیب و بلاوکراوە و توێژینەوە لەسەر فیمینیزم بەرهەم هاتوە.

هەرچەندە بزوتنەوەی ژنان لە شۆڕشەکانی ئەمریکا 1776 و فەڕەنسا 1789 وە هێواش هێواش تا سالەکانی 1800 دەرکەوتوە و دەستی پێکردووە، بەڵام وەک بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو لە سالی 1850وە هاتوەتە مەیدان. لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا لێکۆڵینەوە و قوڵبونەوە لە بابەتی ڕەگەز، جێندەر و یەکسانی جێندەری زۆر کۆن نییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکان، بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستاندا هەرزۆر نوێیە.

لێرەدا پیویستە لە ئەسلی بابەتەکە ورد بینەوە و هۆکاری وجودی بزووتنەوەکە تەشخیس بدەین. زیاتر لە دووسەدە و نیوێکە دەسەلاتی سەرمایەداری بەردەوامە لەوەی کە چۆن بەردەوام بێت لە گەشەدان بە بزووتنەوە فیمینیستیەکان و هەموو کات هەولی داوە قلشتێکی گەورە دروست بکات لە نیوان ژن و پیاودا، جیاوازی بایولۆژی فیزیکی کردۆتە هۆکارێکی زۆر بەهێز بۆ سەپاندنی کلتورە هەرە دواکەوتوەکانی ناو کۆمەلگە و سەرئەنجام راگرتنی مانەوەی سیستەمی چەوسێنەرانەی خۆی پێ مسوگەر کردوە. لەگەل سەرهەلدانی سیستمی سەرمایەداری دا زەرورەتی ئەوەی هێنانی ژنان بۆ بەشداری کردنیان لە ژیانی کار و بەرهەمهینانی کۆمەلایەتی پێویستی حەیاتی بوو بۆ گەشە کردنی سیستەمی ئابووری سەرمایە، و هاوکات بزوتنەوە فیمینیستیەکانی ژنان وەک تەواوکەری سیاسەتەکانی نیزامی چەوسێنەرەی سەرمایەداری ئەو سەردەمە و وەستانەوە دژی پاشماوەی دەرەبەگایەتی و زەبرو زەنگی پیاوانی کلێساکان بە بەرگی بزووتنەوەی فیمینیزم خەباتی راستەقینەی چینی کریکاریان داپۆشی. میژووی سەرهەلدانی ئەم بزوتنەوەیە وەک پێداویستیەکی ئەو سەردەمەو بە تایبەتی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم بزووتنەوەکانی ژنان لە ئەوروپای رۆژئاوادا بۆ داواکردنی مافەکانیان کە خاوەنی داواکاری دیاریکراوی خۆیان بوون، وە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بوو لە بوارە ئابووری و سیاسی و یاسایی و کۆمەلایەتییەکاندا، لەگەل سەرهەلدانی نیزامی سەرمایەداری دا فیمینیزم وەک بەشیک لە ئایدۆلۆژیای دەولەتی بۆرژوازی وبۆ شەق کردنی بزووتنەوەی کریکاری ئەم بزووتنەوەیە زەروورەتی حەیاتی بۆ راگرتنی خودی سیستەمی سەرمایەداری پەیدا کرد. هەلبەت سەرەتا ئەوەیان دا بەرووی کۆمەلگەدا کە گوایا هۆکاری نایەکسانی سەرچاوەکەی پیاوانن و پاشان فیمئنئستی لیبرالی و وجودی و فیمینیسمی و رادیکالی و سۆسیالیستی ورۆشنگەری و پاشان چەندین بالی تر دروست بوو تەنانەت فیمینیزمی مارکسی و سۆسیالیستیشیان دروست کرد، سەرەرای ئەوەی بەشیک لە رێکخراوە فیمینیستیەکان نکولی لەوە ئەکەن کە کار و چالاکی ئەوان دژبە پیاوان نییە، بەلکو کار کردنیانە بۆ بەدەستهینانی مافە رەواکانی ژنان و یەکسان کردنیان لەگەل پیاواندا، دۆزینەوەی(خود)ە وەک ژن و بەرقەرارکردنی ئازادی ژنان و ئازادی سێکسی ژنان وزۆر وشە و تێرمی تر، بەم تیروانینە نەک لە ناو کۆمەلگەیەکدا کە هەرچەندە فیمینیزم باس و بابەتی رۆژ نییە، بەلکو لە ولاتانی پێشکەوتووی ئەمریکا و ئەورووپاشدا وەک قەوان لێ ئەدرێتەوە لەکۆمەلگەدا بە گشتی و لە ناوەندی کاری رێکخراوەکانی ژناندا بە تایبەتی. هەروەها بۆ ناسینەوەی بزووتنەوەکە کە پێویستە جۆرەکانی فیمینیزم بناسینەوە کە من هەول ئەدەم لە داهاتودا لەسەر جۆرەکانی بزووتنەوەی فیمینیزم بنووسم..

ئەوەندەی ئەگەرێتەوە بە بوونی بزووتنەوەی فیمینیستیەوە لەعێراقدا لە دوای هاتنە سە رحوکمی دەسەلاتی رژێمی بەعسەوە، لە دەیەی سالانی حەفتا و هەشتاکاندا شاهیدی بوونی رێکخراوە حکومیەکانی ژنان بووین، رێکخراوەکانیان وەک واقیعێکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە بەرژەوەندی حکوومەتی بەعس لە عێراقدا هەبوون و بۆ بەرگری لە سیستەمەکە دروست کرابوون وگەورەترین رێگربوون لەبەردەم خەباتی ژناندا بۆ بەدەستهینانی مافەکانیان، هەتا روخاندنی رژیم ئەوان رێکخراوەکەیان لە ژێر ناوی ئیتیحادی ژنانی عیراق کاری خۆیان ئەکرد.

ئەوەندەی ئەگەرێتەوە بە کوردستان و لە دەیەی نەوەدەکاندا دوای رووخانی رژێمی بەعس، ئەوەبوو هیرش بۆ سەر مافەکانی ژنان زیاتر بۆوە، ئەم هیرشە لە دەسەلاتی بەعسەوە گویزرایەوە بۆ کۆمەلیک دەسەلاتی خێلەکی و لە شاخا پێگەیشتوو، یەکەم هێرش لە کوشتنی ناموسی یەوە لە شارەکانەوە دەستی پێکرد کە پێشتر ئەو کوشتنە هێجگار کەم بوو، بەلام بە گرتنە دەسەلاتی یەکێتی و پارتی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی جیاوازدا بووە دیاردەیەکی هەموو رۆژە. ئەمە سەرەرای ئەوەی هەموو حیزبە دەسەلاتدارەکان لە هەولی گەرانەوەی ژناندا بوون بەرەو کاری بێ کریی ناومال و دەستی پیاوانیشی ئاوەلا کرد کە ئازاد بن لە بە دیل کردن و ئیهانە و بی ئیرادەکرنی کچان و ژناندا.

لە بەرامبەر ئەو هەموو کێشانەدا کۆمەلیک لە ژنان و پیاوانی چالاکی هینایە مەیدان مێژویەک بوو کە رێکخراوی جیاوازی هێزو حیزبە جیاوازەکانی بە وجود هێنا.هەر ئەو کات لە رێگای چالاکیەکانەوە کاری رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان دا ئەوە ئەبینرا کە بە تەواوی ئاراستەی کارکردن و ستراتیژی و بەرنامەی جیاواز لەو مێژووی کارو ئەجێندای رێکخراوەکاندا هەیە. هەندیک لە رێکخراوەکانی ژنان سەرەرای ئەوەی لە سالانی نەوەدەکانەوە ئیدعای دژی ئەتک و کوشت و بری ژنانیان ئەکرد بەلام لە بەرژەوەندی حیزبە دەسەلاتدارەکان دروست کرابوون، کەم نەبوون ئەو ژنانەی کە بە سولحی عەشایری تەسلیمی لایەنیک ئەکرانەوە کە خۆیان بکەری کارەکە یان لە پشتی ئەنجامدانی

کارەکەوە بوون، بە رەسمی کردنەوەی یاسای شەریعەی دژ بەژنان زۆر باسی لی کراوە بۆیە نامەویت لیرەدا باسی بکەم.

لە بەرامبەرهەموو ئەم بی مافیانەدا ریکخراوی سەربەخۆ ئافرەتان لەلایەن کۆمەلێک ژنان و پیاوانی کۆمۆنیست و هەلسوراوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دژ بە هەموو بی مافیەکانی ژنان لە سالانی نەوەدەکاندا دروست بوو وە چالاکی ئەسلی دژی کوشتنی ناموسی و بەدیهاتنی مافە رەواو سەرەتاییەکانیان بووە رەخنەی سەرەکی لە یاساکانی شەریعەتی ئیسلام و دەسەلاتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان بوو.

دوایی لەسالانی ۲۰۰۰دا پاش ئەوەی چالاکییە مەدەنی و کۆمەلایەتیەکانی بەرتەسک بونەوەوهاواری بەشداری ژنان لە بەرهەمهینانی کۆمەلایەتی و بە کێشکردنی ژنان بۆ کردنە کالای خۆیان یان فرۆشتنی جەستەیان بە کۆمەلیک مەسئولین و مافیا و خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان، هێنانی کچانی گەنج لە ولاتانی ئاسیا و رۆژهەلاتی ناوەراستەوە و گەرمکردنی بازاری سەرمایە کەیان، پاشان سەرانی بۆرژوازی کورد کەوتنە هات و هاوارکردن و هاوکات ئەیانووت ژنان برۆن خۆتان فریای خۆتان بکەون، رۆشنگەر بن بە تیۆرە فیمینیستییەکەی پلاتفۆرمی دابران، دیموکراسی گەشە پێبدەن! بەمەش وردە وردە و بە هەول و یارمەتی لە روانگەی دیموکراسی و سەربەستی سەردەمەکەوە دەگەنە یەکسانی راستەقینە!!!!! ئەوکات جگە لەوەی باوکسالاری لە دەسەڵاتی ئێستای هەموو حیزبە ناسیۆنالیستەکان دەرکردوە، رۆشنگەرانی ژن بەکار دێنێت بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ئیسڵامییەکان لە حکومەتە کارتۆنیەکەی پەرلەمانی کوردستاندا و زالکردنی زیاتری دەسەڵاتی رەشی ناسیۆنالیزمی کوردی، کەسەرجەم هەمووئەم حیزبانەی ئێستای ناو دەسەڵات دوو رووی پارەیەکن!!! ئەوەندەی نوێنەران و سەرانی حیزبە کوردیەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان بەرگری لە سەوابتە دینیەکان و پیرۆزیەکانی خەلک ئەکەن کە رەوتە ئیسلامییەکانیش هەرئەوەندە خەمی بزووتنەوەکەی خۆیان دەخۆن. کەواتە دەیەی سالانی دوو هەزارسیستەمی سەرمایەداری لە کوردستان دەورەی پەلەقاژە کرنی ئابووری و هەولی داکوتان بووبە مەبەستی قایم کردنی پایەکەی، لێرەوە هاوکات کەوتە پەلەقاژە بە دوای شەپۆلی گلۆبالیزم و بازاری ئازاددا، کەم نەبوون ئەو گەنجانەی دوای تەواوکردنی خویندنیان پەلکێش کران بۆ بازاری لەشفرۆشی و کچانی مودیل و ریکلامکردن بۆ جەستەی ناسکیان وە فرۆشتنی سیکس و بازرگانی کردن بە مادەهۆشبەرەکانەوە. هەموو ئەمانە ئەنجام ئەدران لە ژێر ناوی گەشەی دیموکراسی لە کۆمەلگەی کوردستاندا، هاوکات دانی فرسەتی زیاتر بە کچانی گەنج بۆ نمایشی بازاریان تا کورانی گەنج، ئەم کەلینی نێوان کچ و کور پیویستی بە هێنان و دروستکردنی ریکخراوی فیمینیستی تازە بوو بۆ ئەوەی بەرژەوەندی کۆمپانیا زل و زەبەلاحەکانیان نەکەوێتە مەترسیەوە. لە کۆمەلگەیەکی وا کە هەم لە ریگای گلۆبالیزمەوە سسیستەمی بازاری ئازادی زال کرد بەسەر ژیانی خەلکیدا هەم پرسی ژنانیش بەتەواوی کردنە کالای لیهات و هەم بیرۆکە و کۆنسێپتی جۆراوجۆریش بۆ بزووتنەوەکانی ژنان تەسدیر کرا کە فیمینیزم وجیندەر لەو بابەتانە بوون، بەلام کۆمەلگەی کوردستان بە حوکمی مێژووی دەسەلاتداران خۆی سەرچاوەکەی خیلەکی و دواکەوتوویە، بەکالا کرنی جەستەی ژنان لەم سستەمە تازە تەسدیرکراوەدا هاوکات جۆری تازەی توندو تیژی ژنانی هینا و بە ئاراستەیەکی زۆر خراپتر، لەوانە توندو تیژی دیجیتالی بۆ نموونە، زیاد بوونی رێژەی لەشفرۆشی لە هۆکارە سەرەکیەکانی زیاد بوونی رێژەی کوشتنی ناموسیبوو!

پاشان لە کاتێکدا رۆژانە تا ئێستاش هەوالی کوشت و بری ژنان هەوالی سەرەکی سۆشیال میدیا و پەیجەکان و رۆژنامەکانە، ئەمان نەک تەنها کپکردنی دەنگە ئازادەکان پیشەیانە و بەس؛ بەلکو ئازادی تەواو دراوە بە پیاوانی سەر بە حیزبە کۆنەپەرستەکانی خۆیان بە مەبەستی درێژخایاندنی تەمەنی دەسەلاتی رەشیان! کوشتنی ژنان و کچانی مودیل ئەنجامی هینان و مسادەرە کردنی ئەو دیموکراتی ونیولیبرالیزمە ژنانی بە رێژەیەکی گەورە کێش کرد بەرەو بازاری ئازاد.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئەی خەباتی ئیمەی کۆمۆنیستەکان و رابەرانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی دەیەی نەوەدەکان لە کویی ئەم کیشمەکێش و ململانێیەدا چەقی بەستوە بۆ بەدەستهینانی جیهانێک کە ئیتر جیگای هیچ نایەکسانیەکی تیادا نەبیتەوە؟ ئایا چۆن خۆمان لە رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مە دەنی جیا بکەینەوە و چۆن بتوانین هەلسوراوە کۆمۆنیستەکانی ناو رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی بە ئاراستەی خەباتی کریکار بەرین و بە دیاریکراویش کار و خەباتی ژنانی کرێکار؟ نەک بە پێچەوانەوە وەک ئەوەی کە ئیستا هەیە، کە رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی ئەو دەنگەی کۆمۆنیستیەی کە هەیە (جا لە هەر ئاستیکدا بێت ئە و دەنگە)، هەولی بردنی ئەو دەنگەیە بە لای ریکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی و ئەوەی پیی ئەوترێت مافی مرۆڤ لەریگای کاری ریکخراوەکەیەوە فیمینیزم گەشە پێبدات.

بە گویرەی ئەزموونی کاری سیاسی و ریکخراوەییم زۆر جار لە کاتی ئەنجامدانی کار و چالاکیەکەکانی پەیوەند بە کیشەکانی ژنانەوە چەند تیروانینی جیاواز لەسەرکارەکانمان کراوە و لە دەورانێکدا هەندێک رابەرانی بزووتنەوەی یەکسانیخواز لە کوردستاندا شەوو رۆژمان خستبوە سەریەک بۆ بەدەستهینانی مافەکانی ژنان و دوای ئەوەی لە دەرەوەی کوردستانیش هەموو کات رووی رەشی سستەم وحیزبە دەسەلاتدارەکان و یاسای شەریعەتمان ریسوا کردوە، پێمان وتراوە کاری ئێمە لە چوارچێوەی جۆری کاری رێکخراوە فیمینیستیەکاندا جیاوازی نییە و نزیکایەتیان زۆرە و بە تایبەتی چەشنی کارێک کە ئێمە ی پێ ناسراوینەتەوە بە کاریک لە چوارچێوە ی کارەکانی رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی و لەچوارچیوەی کاری فیمینیزم لە قەلەم داوە. لیرەدا پێویست ئەکات بە چاویکی رەخنەگرانەوە بروانینە هەموو ئە و کارانەی کردومانە لە ماوەی ۳۰سالی رابردودا لە پەیوەند بە پرسی ژنانەوە، ئەوە نکولی لی ناکرێت کە کاری ئێمە زیاتر لە چوارچیوەی هوشیارکردنەوەی کۆمەلگە و فشارخستنە سەر دەسەلات و یاسا گۆرێن و دژی کوشتنی ژنان و ناموسپەرستی و داواکاریەکانی دیکە کاری جدی و تاقەت پروکێنمان کردوە و بەردەوام بووین، ئەم کارانەمان سەرەرای ئەوەی کە بەرز نرخێندراون و لەوانەیە ژیانی چەند ژنی رزگار کردبیت لە دەورانێکدا، لەوانەیە تیروانینی چەندەها پیاویشی گۆریبێت لە ژیانی کۆمەلایەتی و خێزانیدا، بەلام پرسیار ئەوەیە ئایا کاری هەر کەسێک کە ئیدعای کۆمۆنیست بوونی خۆی ئەکات و جا سەر بە حیزبیکی کۆمۆنیستی بیت یان نا، ئایا کارمان بەوە تەواو ئەبیت کە دەسەلاتیکی سکولارلە کوردستان دامەزرا رەشەکوژی کۆتایی پێ هات لە یاسادا ئیترپلە دوویی ژنانیش کۆتایی پێ دیت؟ لێرەدا کارمان تەواو؟ ئەگەر وا تەماشای بکەین هیچ جیاوازیمان نییە لەگەل فیمینیزم و رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنیدا، زۆربەی زۆری رێکخراوە فیمینیستەکانیش هەمان ئیدیعا ئەکەن و شیعاری یەکسانییش بەرز ئەکەنەوە، هەر بۆیە کاتێک مەودایەکی زۆر گەورە هەیە لە نیوان ئیمە و ئەواندا ئەویش ئەوەیە ئەگەر فۆکسی کارمان لەسەر داوا و مەتالیبەکانی کریکاران بێت و لە شوینی کار و ژیانی ئەوانەوە خەبات بکەین دژی هەموو کێشەکانی ژنان، چونکە مەسەلەی رزگاری تەواوی ژنان لە کۆت و بەندی یاسای کاری سەرمایە تەنها بە شورشی چینی کریکار دەکریت، بۆیە لێرەدا ئیتر باسی رەگەز و جێندەرو فیمینیزم مانایەکی نامێنێت.

خالێکی ترکە ئەیسەلمێنێت بۆچی رێکخراوی فیمینیسی وەلام ناداتەوە بە کێشەکانی ژنان ئەوەیە کە فیمینیزم کە وەک لە سەرەتادا باسم کرد لە ئەوروپا ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە دوو سەدەونیوە هەولی ئەوە ئەدات کە بە ژنانی جیهان بلیت ئیتر ژنان لەمە زیاتر ریگای تریان نییە بۆ کۆتاییهینان بە کێشەکانیان، لە خۆرایی نییە کە سالانە ملیاردەها ئیورۆ لە بودجەی ولاتان ئەخاتە بەردەمی رێکخراوەکانی ژنان و رابەرە فیمینست و لێکۆلەرەوەکانیان کە خۆی کاریک کە ئەرکی دەولەتە بیکات، تەسلیمی رێکخراوە فیمینیستیەکانی ئەکات! تەنانەت لە ئەمریکا و ئەوروپا سالانە ملیارەها دولار سەرف ئەکرێت لە زانکو و پەیمانگاکان کە بۆ خویندن و گەشەدان بە باسەکانی فیمینیزم و جۆرەکانی!

هەر بۆیە پرسیار ئەوەیە ئەگەر لە ئەوروپا سالانیکی دوورو درێژە رێکخراوەکانی ژنان کار ئەکەن بە ناوی پاراستنی مافەکانەوە، و هێشتاش سەرکەوتوو نەبوون و کاریان لە چوارچێوەی دەولەتەکانیان ناچیتە دەرەوە، کەواتە رێکخراوە فیمینیستیە ئەزموون کورتەکانی کوردستان هەر زۆر دوورن لە چارەسەرکردنی کێشەی ژنانەوە، هە ر بۆیە لیرەدا ئەو راستیە ئەسەلمێت کە کار و خەباتی ژنان لە هەر جێگایەکدا بێت، خەباتیکی دانەبراوە لە خەبات و ئەرکی چینی کریکار و زەحمەتکێش. ئەگەر هەر کەسێک دلی بە رێکخراوی فیمینیستی خۆشە و بە هۆکاری سەرەکی و کارای رزگارکردنی ژنانی ئەبینێت، ئەوا ئەبیت پێش هەموو شتیک بپرسێت بۆچی لە ولاتانی پێشکەوتوودا هەزارەها رێکخرای فیمینیستی هەیە کەچی سەرمایەداری کرێی یەکسان ناداتە هەمان کاری ژن و پیاو، لە ولاتانی ئەسکەندنافیا سالانە ژنان ئەم داوایە ئەکەن، بەلام بۆیان جی بەجیی ناکەن، چونکە ئەگەر ئەو داواکاریە جێبە جێ بکەن واتا لەق بوونی سیستەمی سەرمایەداری کە یەکێک لە کۆلەکە هەرە پتەوەکانی سیستەمی سەرمایەداری ئەم جیاکارییەی نێوان ژن و پیاوانە کە بەم جیاکاریە واتە بەوەی کرێی نایەکسان دەداتە هەمان کاری ژن و پیاو، هەم ئاستی کریی نزمی هەردوولا رائەگرێت و لەلایەکی تریشەوە کەلەکەی سەرمایەکەی پێ مسۆگەر ئەکات.

بۆ ئەوەی سنووری کاری کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەکانی تر بە شەفافی ببینرێت پێویستە لە کارماندا ئەوە ببینرێت کەلە ناو هەموو ئەو رێکخراوانەش کە ئەجیندای کاریان بە هەموو بەش و بالە جیاوازەکانیەوە لەسەربنەمای فیمینیزم دامەزراون هەر لە فیمینیزمی ئیسلامی و لیبرال وبە فیمینیستی مارکسیەکەشی!!، مەبەست و ئەجیندای کاری هیچ کامێکیان بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی چینی کریکار و پرۆلیتاریا نییە، بەلکولە باشترین و سەرکەوتووترین حالەتدا ئەگەری بەدەستهینانی هەندێک داواکاری ژنانە کە لە کاتی ئەزمەی سەرمایەداریدا کە قابیلی لیسەندنەوەیانە هەروەک لە ئیستادا لەم دەورەی شکستی دیموکراتییەی ئەمەریکا و ئەوروپادا ئەیبینین....

**درێژەی هەیە...**



# یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

# مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:

# دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{١}

## بەشی شەشەم

ئەگەر وردبینەوە، دەبینین کە ئەوە مەنشەڤیکەکانن، نەک لێنین، کە ستراتیژیی شۆڕشی ڕووسیایان بە دیاریکراوی و ڕاستەوخۆ لە ئابووریی ڕووسیاوە (ئەویش بە "هاوسێیەتی و بەبێ "هاوسێ"یەتییەوە) دەرکێشاوە. پاشکەوتوویی سەرمایەداریی ڕووسیا بۆ مەنشەڤیزم بۆتە حوکمێک بۆ لەدواوەڕاگرتنی پراتیک و کردەوەی سیاسیی پرۆلیتاری ڕووسیا. بەڵام بۆ لێنین، یەکەم هەر وەک وتمان ئابووری سەرچاوەیەک نییە بۆ ئەنجامگیریی‌پراتیکی شۆڕشگێڕانە، بەڵکوو شەرت و مەرجی ئەم پراتیکە وێنا دەکات. دووەمیش، چ "ئابووریی ڕووسیا" و چ "پرۆلیتاریا" هەردووکیان لە جەرگەی هەلومەرجێکی نێونەتەوەییدا لەبەرچاو دەگیرێن. ئەوەی کە لێنین لە سەرەتای کتێبی گەشەی سەرمایەداری لە ڕووسیادا لە بارەی پەیوەندییە جیهانییەکانی ئەم ئابوورییەوە دەدوێ و کاریگەرییەکانی کەمێک جیا دەکاتەوە، هەرگیز بەو مانایە نییە کە "شۆڕشی ڕووسیا" بە مەسەلەیەکی تەنها و ڕووتی ڕووسیاییەکەی گرتۆتە پێشچاو. بەڵکوو بەلای لێنینەوە شۆڕشی ڕووسیا مەیدانێکە "لە شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم" کە تازە بە کەمێک دواکەوتنەوە کاری خۆی بردۆتە سەدەی بیستەمەوە. مارکس دەستپێکی سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانی لە ئابووریی ڕووسیاوە بە بەرئەنجام وەر نەگرتووە. مانیفێستی کۆمۆنیست بەهۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و پرۆلیتاریا و پیشەسازی وەک دیاردەیەکی جیهانییەوە، ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانی چەرخی نوێدا، ڕاگەیاندووە. بەم هۆیەشەوە چینی کرێکار بەپێی پێناسەیەک و هەروەها بەپێی دەرکێک کە لێنین لەم چینە هەیەتی، چینێکی نێونەتەوەییە. شۆڕشی ڕووسیا مەیدانێکە لە شۆڕشی ئەم چینە. بەم خاڵە بەهێزە مێژوویی و جیهانییەوەیە کە لێنین ڕۆڵی ڕابەریی پرۆلیتاریا لە بەرەی شۆڕشی ڕووسیادا بە فەرز وەردەگرێ. ئەو خۆی توخمێکی شۆڕشی پرۆلیتاریایە و بۆئەوەی بزانێت چ کەسێک دەبێ لە ڕووسیادا شۆڕش بکا و بە چ ئەنجامێکی بگەیەنێت، لە ئابووریی ڕووسیاوە دەستپێ ناکات، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە و لە خودی خۆیەوە (پرۆلیتاریا) و لە سەردەمی شۆڕشەکانی خۆیدا و لە بەیاننامەی ڕاگەیاندراوی مەوجودییەتی ئەم چینەوە (مانیفێستی کۆمۆنیست) دەستپێ دەکات.

هێنانەخوارەوەی پەیوەندیی نێوان ئابووری و سیاسەت بۆ سەر یەک پەیوەندیی "میللی" کە هەر جارە و لە هەر وڵاتێکدا دەبێ سەرلەنوێ لە مەحەک بدرێتەوە، یەکێکە لە لادانە بۆرژوازییەکان لە مارکسیزمدا، کە کاری پێ دەکرێ. ئەوە نە یەکێتیی کۆمۆنیستی و نە ئەوانەی کە لەنێو مەنشەڤیکەکانەوە سەریان دەرهێناوە، ڕێگەپێدراو نین کە "شۆڕشی پرۆلیتێری" و "ڕابەریی پرۆلیتاریا" لە شۆڕشەکانی سەردەمی ئێمەدا، بەهۆی دواکەوتوویی ئابوورییەوە لەم یان لەو تاک وڵاتەدا سنووردار بکەن. چینی کرێکار چینێکی جیهانییە، سەرمایەداری سیستەمێکی جیهانییە، شۆڕشی پرۆلیتاریا دیاردەیەکی جیهانییە. هەر بۆیە پرۆلیتاریا لە هەر وڵاتێکدا لە پێناو گێڕانی دەوری پێشڕەوانەی خۆی پێویست ناکات سەرلەنوێ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئامار و لیژنەکانی ئەو وڵاتەوە و بەبەرچاوی چاودێرانێکی "بێلایەن"ی وەک یەکێتیی کۆمۆنیستییەوە ئەو بەڵگەنامە ئیمزالێدراوانەی کە کافیبوونی ژمارەی دوکەڵکێشی کارگەکان و ڕێژەی لە سەدای کرێکارانی پیشەسازی لەچاو گشت دانیشتواندا "گرنگی" چینی کرێکار لە ئابووری و شتی لەم جۆرە دەسەلمێنن، بخاتە بەردەم ئۆرگانە بڕیاربەدەستەکانی ئۆردوگای لیبراڵیزمی چەپەوە{٣}.

تەواوی ڕێفۆرمیزم و سازشی چینایەتیی مەنشەڤیزم لەوەدایە کە یەکەم، سیاسەت بە شێوەیەکی یەکلایەنە لە ئابوورییەوە بەرئەنجام وەردەگرن و دووەمیش ئەو ئەنجامگیرییەش ڕاستەوخۆ بە پێوانەیەکی نیشتمانی و وڵاتی بەڕێوە دەبەن، ئەمەش هەر ئەو دوو گۆشەیەیە کە یەکێتیی کۆمۆنیستی بە قسەی خۆیان وەک پایەکانی میتۆدۆلۆژیی لێنین بەحیساب وەری دەگرن. بەڵێ ئەگەر قسە لەسەر "گەشەی کۆمەڵگای ڕووسیا"یە بە جیا لە ڕاستییەکان و هەلومەرجە جیهانییەکان، ئەگەر "جیهان" تەنها بە ڕووسیا و پێکهاتی چینایەتی لە ڕووسیادا سنووردارە، ئەگەر پرۆلیتاریای پیشەسازی لە ئێستادا و بە پێوانەیەکی جیهانی نەبووە بە چینی پێشڕەوی سەردەمی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەرکی حیزبی پێشڕەو ئەوە بێت کە لەسەر ئەم بناغانە ڕەوتی مێژووی ڕووسیا لێک بداتەوە، ئەو کاتە ڕەنگە خستنەڕووی پرۆسەیەکی لەو بابەتە شوێنی لە ئیعرابدا ببێ کە پێی وابێت شۆڕش لە ڕووسیای دواکەوتوودا، وەک ئاڵوگۆڕێکی قوناخبەندیکراوی کۆمەڵایەتی، لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری و لە سەرمایەدارییشەوە بۆ سۆسیالیزم، بە ڕابەریی بۆرژوازی یەک لەدوای یەک تێپەڕێنێ و دواتریش- سەرەی خۆمان- سەرەی پرۆلیتاریا بێتە پێشەوە. بەڵام جیهان تەنها بە ڕووسیاوە سنووردار نییە. بە هەمان شێوە کە بۆرژوازیی ڕووسیا بە تەنها لە ڕوانگەی ئابووریی ڕووسیاوە بە ئارەزووی پەرلەمان نەگەیشتووە، (لە کاتێکدا کە پەرلەمانی بەریتانیا هەم بینرا و هەم لەبەرچاوە). پراتیکی پرۆلیتاریاش بە هەمان شێوە ناتوانێ بە تەنها وەرگێڕدراوێکی سیاسی بێت لە بار و دۆخ و جێگای "گرنگی" ئابووریی خودی ئەم چینەدا. هەروەها سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکان دووبارە لە وەزعییەتی ڕووسیاوە دەرنەکێشراوە. سەردەمێک بەو مانایەی کە تیایدا سیناریۆی قۆناغ بەقۆناغکردنی میکانیکییانە هیچ پەیوەندێکی خۆی بە ماتەریالیزمی مێژووییەوە گرێ نەداتەوە. لە ساڵی ١٩٠٥دا "ماتەریالیزمی مێژوویی "لە هەنگاوی یەکەمدا، یانی بەفەرزگرتنی پێویستیی ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییەکاندا و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، چ لە حاڵەتی ئۆپۆزیسیۆنبوون و چ لە سبەینێی سەرکەوتن و پێکهێنانی حوکوومەتدا، تەنانەت بەجیا لەوەی کە ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییانە، ڕاستەوخۆ و خێرا بەبێ وەستان سۆسیالیستی بن یان نا، چونکە ئەم ئاڵوگۆڕانە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی و مێژوویی نێونەتەوەیی، ئیتر بەشێک نین لە شۆڕشە بۆرژوا- دیموکراتییە کلاسیکییەکان، بەڵکوو پێشینەیەکن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا....

**ماویەتی**

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!


بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی- چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

**ماتەریالیزمی مێژوویی "لە هەنگاوی یەکەمدا، یانی بەفەرزگرتنی پێویستیی ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییەکاندا و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، چ لە حاڵەتی ئۆپۆزیسیۆنبوون و چ لە سبەینێی سەرکەوتن و پێکهێنانی حوکوومەتدا، تەنانەت بەجیا لەوەی کە ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕییانە، ڕاستەوخۆ و خێرا بەبێ وەستان سۆسیالیستی بن یان نا، چونکە ئەم ئاڵوگۆڕانە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی و مێژوویی نێونەتەوەیی، ئیتر بەشێك نین لە شۆڕشە بۆرژوا- دیموکراتییە کلاسیکییەکان، بەڵکوو پێشینەیەکن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا.**



سەلام عەبدوڵا: رێگاچارە و ئەڵتەرناتیڤی ئەم بارودۆخە ئەوەیە هێزی چەپ و کۆمۆنیستەکان بە کاری عەمەلی روو لە کرێکاران و زیان لێکەوتووانی ئەم سیستێمە بکەن، واتە بە کاری هەرەوەزی لە خەڵك نزیکببنەوە

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هەڵسوڕاوی سیاسی کۆمۆنیست سەلام عەبدوڵاسەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی...

**بۆپێشەوە: شکستی ئەمریکا لە پیکهێنانی دنیای یەک قوتبی و پیکهاتنی دنیای چەند قوتبی، چ کاریگەرییەکی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە هەیە؟**

**سەلام عەبدوڵا:** شکستی ئەمریکا بەسوود بۆ هێزی چەپ کەوتۆتەوە. بەرنامەی لیبڕالیزمی نوێ و جەنگەکانی لە ناوچەکە بووە بە مایەی هەژاری و تیرۆر ودزی سەروەت و سامانی خەڵکی ناوچەکە. لێرە رەوایەتی هێزی گرەوەکەی بردۆتەوە.

**بۆپێشەوە:** لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، باڵانسی هیز لە عێراقدا بە سودی بۆرژازی عێراقی و بەزیانی بۆرژوازی کورد گۆراوە و تا هاتووە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی سنوردار کردۆتەوە، چۆن دەروانە ئەم ئاڵوگۆرە؟

**سەلام عەبدوڵا: بۆرژوازی کورد بەخۆی بەرپرسە لەم ئاڵوگۆرە نەخوازراوە بۆ بژێوی خەڵکی کوردستان و هێشتنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم وەک خۆی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەعریب. بە هێزکردنی مەرکەز، واتە پاشگەزبوونەوە لە چارەسەرکردنی پرسی مافی خەڵکی کوردستان. ئێستا دەبێ هێزی چەپ رۆڵی خۆی ببینێت لەم رووبەڕووبوونەوەیە.**

**بۆپێشەوە:** گوشارە بەرەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟

سەلام عەبدوڵا: بەدڵنیاییەوە پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرڕالیزم و دەستوور. بۆ نموونە: 1- پشتگوێ خستنی ماددەی 140. 2- داخستنی قوتابخانە کوردییەکان لە خانەقین.3- عەرەبی تەعریب دووبارە روویانکردۆتە دادگاکان و داوی گەڕانەوەیان دەکەن بۆ سەر زەویوزارە داگیرکراوەکان. 4- دوورخستنی هێزی ئاسایش لە رۆڵەکانی بۆ پاراستنی ئاسایش یان شارەوانی. 5- دامەزراندنی هێزی حەشدی شەعبی وبەهێزبوونی خیتابی مەزهەبی.

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**سەلام عەبدوڵا:** بە تەکید وایە.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟**

**سەلام عەبدوڵا:** چارەسەرنەکردنی پرسی نەتەوایەتی بە قازانجی خیتابی حزبە دەسەڵاتدارە ناسیونالیستەکان دەشکێتەوە و درێژە بە رەویەتیان دەدا. ئەرکی ئێمە ئەوەیە رووی خۆمان ئاراستەی چینی کرێکار و هەژارەکان بکەین بۆ ریسواکردنی لێکەوتەکانی بەرنامە ئابووری و سیاسییەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان.

> چارەسەرنەکردنی پرسی نەتەوایەتی بە قازانجی خیتابی حزبە دەسەڵاتدارە ناسیونالیستەکان دەشکێتەوە و درێژە بە رەویەتیان دەدا. ئەرکی ئێمە ئەوەیە رووی خۆمان ئاراستەی چینی کرێکار و هەژارەکان بکەین بۆ ریسواکردنی لێکەوتەکانی بەرنامە ئابووری و سیاسییەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان...

**بۆپێشەوە: لەم دوایانەدا دادگای باڵای فیدرالی چەندین بڕیاری دەرکرد لەوانە... بڕیاری لابردنی کورسی کۆتاکان، بڕیاری سپاردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بڕیاری بە یەک بازنەیی کردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بڕیاری دابەشکردنی موچە لەلایەن بانقە ناوەندیەکانی عێراقەوە... چۆن دەڕوانە ئەو بڕیارانە؟ ئەم بڕیارانە چ کارگەرییەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم و چینی کریکار و خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**سەلام عەبدوڵا:** ئەو بڕیارانە تەواوی بوونی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوە و راگەیاندنی پوکانەوەیە و نموونەیەکە بۆ خۆشباوەڕی خەڵک بە دەسەڵاتی ناوەند کە بەخۆی بەرپرسە لە پەیڕەوکردنی بەرنامەی لیبڕالیزمی نوێ، بەڵام هاوکات لە بواری موچە لە قازانجی فەرمانبەر و کارمەندانی کەرتی گشتیە.

**بۆپێشەوە: دوای ئەوەی پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکان کرد، هەڵبژاردن ناکرێت و دوا دەخرێت، بۆچی پارتی ئەو بڕیارەی دا؟ هەروەها لاتان وایە هەڵبژاردن هیچ لە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دۆخی کوردستان بگۆڕێت؟**

**سەلام عەبدوڵا:** وەک مارکس ئەڵێ (بۆرژوازی هەر چەند ساڵێک رێ بە خەڵک دەدا چەوسێنەری خۆی هەڵبژێرێت). هەڵبژاردنی هەر حزبێک هیچ لە ژیانی خەڵک ناگۆڕێت، چونکە هەڵبژێردراو دەبێ فەرمانەکانی صندوقی دراوی جهانی جێبەجێ بکات کە بووە بە هۆی ئەم قەیرانە گشتییە (بێکاری، گرانی، رووتاندنی کەرتە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندی کەرتە تایبەتەکان، قەرزاری، بەرفراوانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هەژاری).

> مارکس ئەڵێ (بۆرژوازی هەر چەند ساڵێك رێ بە خەڵك دەدا چەوسێنەری خۆی هەڵبژێرێت). هەڵبژاردنی هەر حزبێك هیچ لە ژیانی خەڵك ناگۆڕێت، چونکە هەڵبژێردراو دەبێ فەرمانەکانی صندوقی دراوی جهانی جێبەجێ بکات کە بووە بە هۆی ئەم قەیرانە گشتییە (بێکاری، گرانی، رووتاندنی کەرتە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندی کەرتە تایبەتەکان، قەرزاری، بەرفراوانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هەژاری)

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی هەژموونی سیاسی و بریار بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا دەسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێم هیچ کارتێکی کاریگەری لەبەرامبەر بە بەغدا نییە، چ رێگاچارە و ئەڵتەرناتیفێک پیویستەو چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی چەپ و کۆمۆنیستەکان؟**

**سەلام عەبدوڵا:** رێگاچارە و ئەڵتەرناتیڤی ئەم بارودۆخە ئەوەیە هێزی چەپ و کۆمۆنیستەکان بە کاری عەمەلی روو لە کرێکاران و زیان لێکەوتووانی ئەم سیستێمە بکەن، واتە بە کاری هەرەوەزی لە خەڵک نزیکببنەوە، گوێ لە یەکتری بگرن و بەرەو رێکخراوبوونیان بە درووشمی سۆشیالیستی و دنیای هەرەوەزی هەنگاوبنێن.

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی. کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

## درێژەی...وەرگێڕان لەنێوان وەرگرو وەرگێڕدا

چێژ وەرگرتنیشدا هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکە دەکات. بە بڕوای گۆتێ ئەم جۆرەی دوایی لە خوێنەر تێکستەکە لە فۆرمێکی تازەدا بەرهەم دەهێنێت.

هایدگەر دەڵێت: »هەر کاتێک فەڕەنسییەکان بیانەوێت بیر لە "بوون" بکەنەوە، ئەوا ناچارن بە زمانی ئەڵمانی بیر بکەنەوە. «دەشێت بۆ کردەی وەرگێڕان، پەیوەندیی نێوان فەلسەفەی ئەڵمانی و فیکری فەڕەنسی نموونەیەکی بەرچاو بێت؛ وەک دەزانین، هەندێک پێیان وایە کە دەبێت فیکری فەڕەنسی وەک وەرگێڕانی فەلسەفەی ئەڵمانی بخوێنرێتەوە؛ مێژووی فیکری فەڕەنسی بزووتنەوەیەکی گەورەی وەرگێڕانی کەلەپووری فەلسەفیی ئەڵمانیایە. ئەو وتەیەی کە دەڵێت: »فیکری ئەڵمانی تەنها لە وەرگێڕانە فەڕەنسیەکاندا دەژی«، ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەمڕۆ خوێنەران زیاتر بەهۆی فۆکۆ و دۆلۆزەوە نیتشە دەناسن؛ بە مانایەکی تر، فەلسەفەی ئەڵمانی لە زمانی فەڕەنسیدا دەژی؛ ئەمڕۆ نیتشە بەرلەوەی بە زمانی ئەڵمانی قسە بکات، لە ڕێگەی فۆکۆوە بە فەڕەنسی خۆی نمایش دەکات؛ ئەمڕۆ هایدگەر دەژی، چون بەهۆی دێریداوە بەزمانی فەڕەنسی قسە دەکات؛ فرۆید و هیگڵیش هەروەها لە زمانی فەڕەنسیدا نیشتەجێن. ئەگەر هیپۆلیت نەبێت ئەوا هیگڵ ناژیت. لەمڕۆدا فرۆید بەبێ لاکان ناژی، چون لاکان فرۆیدی بە زمانی فەڕەنسی هێنا.

وەرگێڕان... پاسەوانی زمان نییە..

جودیت باتلەر دەڵێت: وەرگێڕان، پاسەوانی زمان نییە، بەڵکە خیانەتکارە بەرامبەر بە زمان. وەرگێڕان، فێڵی زمان دەشکێنێت؛ و پرد نییە، ڕێنیشاندەری چاڵە. وەرگێڕان وەک خیانەت ڕەزیلەت نییە، خیانەت لێرەدا بە وردیی واتە ئاشکراکردنی مەتەڵ و فێڵی زمان. خیانەت لە دەق (دەقی ئۆرجینال) لە پرۆسەی گواستنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی دەقدا، بەشێکی دانەبڕاوە لە وەرگێڕان. تەنها وەرگێڕان دەتوانێت خیانەت بکات، بەبێ ئەوەی کە دژیەکییەک لە دەقی وەرگێڕاودا بچێنێت". هیچ وەرگێڕێک وەفادار نییە بۆ دەقی ئۆرجینال، "مەگەر خراپترین وەرگێڕ کە هەمان دەقی ئۆرجینال بە زمانێکی تر دەنووسێتەوە. ئامانجی وەرگێڕان "جووڵەیە لە فەزای جیاوازیدا (جیاوازی بە مانادێریداییەکەی)، واتە دواخستنی مانا وهێشتنەوەی ئاسۆ واتاییەک، بە تایبەتی دەقی فەلسەفی، لەسەر وێرانەی شکست و تەنیایی دروست بووە، وەرگێڕان شکستی شکست و تەنیایی دوو هێندەیە. وەرگێڕی سەرکەوتوو بەرگریکاری برینی نووسەر نییە، بەڵکە قەتماغەی برینێکی کراوە لە جەستەی نووسەردا دەکولێنێتەوە لەبەر ئەمەیە کە وەرگێڕ مەحکومە بە ئەنجامدانی گوناهێکی ئێجگار گەورە، وەک بلانشۆ دەڵێت: »ئەو، دوژمنی خودایە.«

سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە:-

١- وەرگێڕان هونەرە...جەمال نەبەز

٢- کتێبی نیچەو بازنەی بەتاڵ... کلۆسۆفسکی

٣- ساد دراوسێی من کلۆسۆفسکی

٤- لاکان لە ناخودئاگایی فرۆیددا...وتار ئارمان گوڵکار

٥- شانۆی فەلسەفە «و »سیاسەتی هەقیقەت «ع. دانیالی

**هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقعیەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی کۆمەڵگە، خەبات و تیکۆشان و خولیاکانی بۆ باشتر کردن و جوانکردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە کەمایەتیەکە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری راستەقینە دژی دۆخی باوە!**

## درێژەی دوا وتە

بەو بزوتنەوە ڕەوایەی خەڵکی ئێران کرد. هەوڵ و ئامانجی رەئیسی لە پێگەی سەرۆک کۆمارییدا، بۆ ئەوە بوو، لەدوای کۆتاییهاتنی دەورەی سەرۆک کۆماری "عەبای رابەری" لە جیگای خامەنەیی بۆ خۆی زامن بکات.

رەئیسی هاوکات دریژە پێدەری هەمان رەهەندی دژە ژنی سەرانی جمهوری ئیسلامی بوو، کە لەساڵی ٢٠٢٢ دا و لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا واژۆی لەسەر دەستبەکاربوونی گەشتی ئیرشاد کرد و "پۆلیسی ئەخلاق"ی بەشێوەیەکی دڕندانەتر بەردایە گیانی ژنان لەژێر ناوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێ حیجابیدا، کە "ژینا ئەمینی" ئەو قوربانیە بوو کە دوو ساڵ لەمەوبەر بووە هۆی وەرێکەوتنی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە کە ژنان نەخشی بەرجەستەیان تیایدا گێرا لەراستای سەرەوژێرکردنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی و زۆریک لە رەمزەکانی ئیسلامی کردە نیشانە لەوانەش هەڵوەشاندنەوەی بەکردەوەی حیجابی ئیسلامی.

هەموو ئەو کارنامانەی رەئیسی لەماوەی زیاتر لە چوار دەهەی رابردوودا چ وەکو دادوەرو چ وەکو کەسایەتییەکی ئەمنی، و سیاسی و سەرۆک کۆمار، ئەنجامی داوە، ئەوی کردۆتە کاراکتەرێکی ناسراوی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی کێوێک لە تاوانی کوشتن و مەرگ و سەپاندنی کۆنەپەرستی و رووبەرووبونەوە لەگەڵ هەر نارەزایەتیەکی جەماوەری.

لە ڕوانگەی خەلکی ئازادیخواز و ستەملێچووی ئێرانەوە، لە دیدی کەسوکاری دەیان هەزار ئینسان کە بەمەرگ سپێردران و لە سێدارە دران، لەڕوانگەی ملیۆنان ژنی سەنگسارکراو و بەر قامچی دراو و ناچار بە حیجابکراودا، تا دەگاتە لاوانی هیوا خنکێنراو و هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازنەو ئینساندۆستی لە ئیران و ناوچەکەدا چاوەروانی ئەوە بوون رەئیسی لەدوای روخاندنی رژێمی ئیسلامی سەرمایە لە ئیراندا، بەهۆی تاوانە زنجیرەیەکانیەوە، لەگەل هاوشێوە و هاوپیشەکانی، رووبەرووی سزای عادلانە بکرێتەوە. مەرگی ئەو بە کەوتنەخوارەوەی کۆپتەرەکەی، ئەوی لەم سزا جەماوەری عادلانەیە پاراست، بەڵام ئەمە بەمانای پاکبوونەوەی ئەو لەو تاوانانە نییەو بە غیابی و دوای مردنیشی لەگەڵ روخاندنی ئەم نیزامەدا، دەبێ سزای یاسایی و جەماوەری بۆ دیاری بکرێت و لە لیستی جەلادانی ناو مێژووی مرۆڤایەتیدا ناوی تۆمار بکریت.

خەمی سەرانی دەسەڵات لە ئیران و هاوشێوەکانی لە عیراق و کوردستان و ناوچەکە و وەرێخستنی مەراسیمی ماتەمی و پرسەگێران و ناردنی پەیامی سەرەخۆشی بۆ سەرانی دەسەڵات بەدەستی ئیران، بۆ دەربرینی هاوخەمی بۆ مەرگی رەئیسی و رەئیسیەکان، وەستانەوەی هەموو ئەو ریزە ورد و درشتەیە بەرووی دڵخۆشی جەماوەری ملیۆنی ئازادیخواز و نارازی لە ستەمی هەزار سەری ئەو نیزامەدا لە ئیراندا، کە خۆشحاڵ بەمەرگی رەئیسیەکانن.

بەتایبەتیتریش دەربڕینی هاوخەمی و دەرکردنی چەندین بەیان و راگەیاندن و لێدوان لە ئاستی باڵای پارتی و یەکێتی و تەنانەت پەیەدە بۆ کوژرانی رەئیسی و یاوەرانی، بەشداری شاندی باڵای سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی شاندی بالای پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەمەراسیمی جمهوری ئیسلامی بەبۆنەی کوژرانی ئەم سەرە تۆمەتبارانە... لە کاتێکدا خەڵکی ئیران و کوردستان و ئازادیخوازنی ناوچەکە بەشیوازی جۆراوجۆر ئاهەنگی خۆشی دەگێرن، ئەگەر لەلایەکەوە هاو خانەوادەیی و هاوچارەنووسی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ سەرانی جەلادی ئیران دەخاتەڕوو، هاوکات ناکۆکی حاشاهەڵنەگری سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ هیواو خواستەکانی خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازنی ناوچەکە نیشان دەدات.

بەمانای وشە مەرگی رەئیسی و رەئیسیەکانی و قاسم سولەیمانیەکان... جارێکی تر ریزبەستنی چینایەتی لە ئاستیکی بەرینی کۆمەلایەتی لە ئاستی ئیران و ناوچەکەدا خستەوەروو... کەمایەتیەکی ستەمگەر و بەرژەوەندخوازی دەسەلاتی نەفرەت لێکراو لە ئیران و هاوشیوەکانی لە ناوچەکە، هەست بە غەم و پەژارە دەکەن و بە لەبەینچوونی ئەو کاراکتەرانە لاواز دەبن. لەبەرامبەردا بە سەدان ملیۆن ئینسان بەمەرگی ئەو تۆمەتبارانەو لاوازبوونی دەسەلاتییان، خۆشحاڵن و ئاهەنگی شادمانی دەگێرن.

رەئیسی مرد، بزوتنەوەی هیواو ئومید لە ئیران و ناوچەکەدا زیندووە.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ئۆکتۆبەری ژمارە ٨٤ دا، بڵاوکراوەتەوە...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئاڵا فەرەج، ڕێبوار حەمە شەریف، عامر سابیر، وریای ڕەسام، سەلام عەبدوڵا، ئیدریس مستەفا، خالید بایەزیدی، بەندی عەلی، کاوان قادر،، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕۆمان ئامینە، ...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...

## دواى ٣١ ساڵ بکوژی ڕەئوف ئاکرەیی ئاشکرا نەکراوە!



شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی ئایاری ١٩٩٣، ڕەئوف ئاکرەیی هەڵسوڕاوی سیاسی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕێگای ڕەنجدەران" لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لەشاری دهۆک لەلایەن باندێکی چەکدارەوەو تیرۆردەکرێت...

لەو کاتەوە تائیستا کە دەکاتە ٣١ ساڵ، هیچ کەسێک چ وەکو بریاردەو چ وەکو بکەری ئەو تاوانە دەستگیر نەکراوە. ڕەئوف ئاکرەیی کەدەکرێ بڵێن یەکەمین ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراوی ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و پارتییە، تا ئیستا دۆسیەکەی بەکراوەیی ماوەتەوە. ئەو دەسەڵاتە نەنگینەی بزوتنەوەی کوردایەتی کە بەردەوام لافی یاساو سەروەری یاسا لیدەدەن بە ٣١ ساڵ نەیان توانییوە بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە بدۆزنەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێتەوە، کە دەسەڵات خۆی لەپشتی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەیە، و یاساش تەنها بە باڵای پاراستنی ئەو دەسەڵاتە دیزاین و داریژراوە. بکوژی ڕۆژنامەنووسان، نەیارانی سیاسی، نادۆزرێنەوە!! کەچی فایل و ناسنامەی هەموو نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ئازاو ئازاد، هەموو هەڵسوڕاوێکی لێبراوی نەیاری دەسەڵات... لەدەزگا سەرکوتگەرەکانیان ئامادەیە، لێدوان و نووسین و چالاکیەکانیان، تۆمارکراوە... دۆسیەی ڕەئوف ئاکرەیی و سەرجەم ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕوانی سیاسی تیرۆرکراو، کراوەیە... چەندە ئەم دۆسیەیە ئەستور بیت، بێگومان تووڕەیی و نەفرەتی بەرەی ئینسان دۆست و ئازادیخوازو گەورەتر دەبێت و کاتێک دێت، نەخشە داریژەران و بکەرانیان لە داداگایەکی جەماوەری داپەروەرانەدا، بەسزای یاساى و جەماوەری بگەیەنرێن...

## دوا وتە

## مەرگی ڕەئیسی و ریزبەندنی چینایەتی!!

### عەبدولا مەحمود

کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەری ئیبراهیم ڕەئسی و هاوەڵەکانی و لەبەین چوونیان... هۆکارەکەی هەرچیەک بێت و هەر لێکدانەوەو شرۆڤەیەکی بۆ بکرێت و ئەگەرەکانی جۆراوجۆر بن، هیچ لەو راستیانە ناگۆرێت، کە ریزبەندییەکی گەورەی چینایەتی و کۆمەلایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە. لەلایەکەوە رژیمی ئیران و سەرانیان و هاوشێوەکانیان لەئاستی ناوچەکەو دنیادا، توشی نیگەرانی و غەمباری کردووە، لە لایەکی تریشەوە جەماوەری بەرینی ئازادیخواز و ستەملێچوانی کۆمەڵگە لە کرێکاران، لاوان، ژنان و سەرجەم ئینساندۆستان، لە سەراسەری ئیران و ناوچەکەدا، شادن و بەشێوەی جۆراوجۆر خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن.

دیارە خەڵکی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازو ئینساندۆست، مەرگدۆست نین، بەڵام کارنامەیەک کە رژێمی سەرمایەو کاراکتەرەکانی لە زیاتر لە چوار دەهەی رابردوودا ئەنجامیان داوە، تەژییە لە هێنانی مەرگی ناوادەو لێوان لێوە لە کوشتار و سەررێژە لە پەتی سێدارە خستنە گەردنی دەیان هەزار لە ئازادیخوازان و نەیارانی سیاسی ئەم نیزامە شەرماوەری سەرمایەداری ئەم سەردەمە.


کارنامەیەک کە رژێمی ئیران تۆماریکردووە، لەگەڵ ئەوەدا بەشێکە لە کارنامەی دڕندانەی سەرمایەداری لەسەراسەری دنیادا، بەڵام دەوڵەتی ئیران لەناویاندا جێگایەکی تایبەتی هەیە، کە بەشێکی زۆر لەخودی وڵاتانی سەرمایەداری، بەجێگای شەرم و نەنگی نیزامەکەیانی دەزانن.

مردنی ڕەئیسی وەکو مۆرەیەکی ناسراو بە کوشتار و ئیعدام و سەرکوت و بوونی ئەو وەکو یەکێک لە "دەستەی مەرگ" لەدوای سەرکوتی شۆرشی ئیران لە ساڵی ١٩٧٩ و لەساڵانی کۆتایی ٨٠ کاندا، ناو و کەسایەتی ئەوی وەکو جەلادی ئینسانی ئازادیخواز و ناڕازی و چەپ و نەیارانی دەسەڵات، جێگیرکرد.

ڕەئیسی بەجیا لەو هەموو حوکمی مەرگەی لە پێگەی داوەرییەوە بەبێ دادگا، یان لە دادگای نمایشیدا، بۆ سەرکوتی شۆرش و بەرگری لە جمهوری ئیسلامی بەسەر دەیان هەزار ئینسانیدا سەپاند و دەستە دەستە تیکۆشەرانی لە ئاستی ئیران و کوردستاندا، رەوانە مەرگ دەکرد، لەو کاتەشەوە بوو بەسەرۆک کۆماری ئیران بە دڵرەقانەترین شیوە ڕووبەڕووی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بەدیاریکراوی بەدژی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیران کە بەناوی "ژن، ژیان، ئازادی" هاتنە مەیدان، وەستایەوە. بەهەزاران کەسی ناڕازی خەڵتانی خوێن و بە دەیان هەزاری لە کونجی زیندانەکان توندکرد و بەزۆری سەرکوتێکی بێپەردەو دڕندانە، پاشەکشەی

بۆ لاپەڕە 14

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام



بۆپێشەوە بخوێننەوە و بینیرن بۆ دۆست و ئاشنایانتان... بۆی بنووسن و بڵاوی بکەنەوە...

## داگیری کەن.... بەندی عەلی



بان و بنی خاک
بە تاپۆی
ڕەشی میراتی
داگیرکەن
تا چێشتەنگاو.. بێ خەم
بنوون
ئەم هەوارە،
دوکەڵێکی بێ ئاگرە
کەڵەشێرێکی تیا نییە!
سپێدەیەک،
خەو لە چاوتان
بتۆرێنێ و
سەرتاسەری..
هەر
مامرە
لەنێو خۆتان دابەشی
کەن!!
ئەمبەرو ئەوبەری
پردێ ..
بۆ ئەم شاخێ
بۆ ئەو باخێ..
بۆ ئەوی تر یاڵێ..
گردێ،
هیچ نەماوە!
لەم نێوەدا
شەونمی شەرمی لێ
بتکێ،
گارەگاری خێڵ
لەبیرکەن...
بێ خەم بنوون،
بان و بنی خاک بە
تاپۆی
ڕەشی میراتی
داگیرکەن...